کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# گۆڤاری پێشڕەو

٤٣٨

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ٤٣٨ –رە زبە ر – اکتبر ٢٠٢٣

**سەروتار**

## ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی بە کام ڕێگەدا تێدەپەڕێ؟

ئەمڕۆ لە ئێران تەنانەت شرۆڤەکارانی حکوومەتیش ناتوانن حاشا لە بوونی بزووتنەوەیەکی چەپی کۆمەڵایەتیی بەهێز بکەن. ئەم ڕەوتە هێزی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت. چالاکان و ڕێبەرانی بزووتنەوەی کرێکاری کە ئاڵای داخوازی کرێکارانیان هەڵکردووە و لە ڕێکخستن و ڕێبەری نارەزایەتی و مانگرتنی کرێکاریدا دەورونەخش دەنوێنن، داهێنەری پێکهێنانی کۆمیتەی مانگرتن و بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی گشتی لە ناوەندە سەنعەتی و کرێکارییەکان و بیری ڕێکخستنی شۆرایی دەبەنە ناو کرێکاران، پێگەیەکی تایبەتیان لەم ڕیزبەندییەدا هەیە. ئەم چەپە کۆمەڵایەتییە ئەو بەشە لە چالاکانی بزووتنەوەی ژنان لەخۆدەگرێت کە لە بەرامبەر فێمێنیسمی کۆنەپەرستی ئیسلامی و فێمێنیسمی نیۆلیبراڵدا ئاڵای ڕزگاری ژنانیان بە ئاسۆی دژەسەرمایەدارییەوە بەرز کردووەتەوە. ئەو ژنە خەباتکارانەی کە بە بەشداری خۆیان لە پێشەوەی خەباتی مامۆستایان، خانەنشینکراوان، خوێندکاران، پەرستاران و لەناو ڕیزی خەباتی کرێکاران و بە خۆڕاگری بەرین لەبەرامبەر سیاسەت و یاسای دژی ژن، ئاسۆی ڕزگاری ژن لە ستەم و چەوسانەوەی سەرمایەدارییان بەرەوڕووی کۆمەڵگا کردووەتەوە. ئەم ڕەوتە چەپە کۆمەڵایەتییە، هەروەها ئاراستەی سۆسیالیستی ناو بزووتنەوەی خوێندکاری لەخۆدەگرێت کە بەرامبەربە ئاراستەی نیۆلیبڕالی بورژوایی



## خەڵکی غەزە لەبەردەم سزای بەکۆمەڵ و کارەساتێکی گەورەی مرۆییدا

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە سەبارەت بە مەحکوومکردنی هێرشی بەرینی دەوڵەتی تورکییە بۆسەر ڕۆژئاوا

کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

## شەڕ و هەژاری و نابەرابەری، سیمای جیهانی سەرمایەداری




## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەبۆنەی ١٠ی ئۆکتۆبر ڕۆژی جیهانی خەبات دژبە سزای ئێعدام

## ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستیەکانی کوردستان بەبۆنەی ١٠ی ئۆکتۆبر ڕۆژی جیهانیی خەبات دژی سزای ئێعدام!




## ژنانی ئازادیخواز پاشەکشە ناکەن



ئێران و ڕەوتە کۆنەپەرستە ئیسلامییەکان، ئاڵای یەکگرتن لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوەکانی هەڵکردووە. ئەو خانەنشینانەی کە بە گەڵاڵەکردنی ڕادیکاڵی داخوازییە ڕەواکانیان یەکشەممە، دووشەممە و سێشەممەکانی نارەزایەتییان لە مێژووی خەباتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشدا تۆمار کردووە. ئەو بەشە لە نووسەران، هەواڵنێران، مامۆستایانی زانکۆ، سینەماکاران و هونەرمەندان لەخۆدەگرێت کە بەرەنگاری کلتوور و سیاسەت و ئایدیۆلۆژیای چینی دەسەڵاتدار بوونەتەوە و لە بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان دیفاعیان کردووە. بەشێک لەم هێزە کۆمەڵایەتییە لە کوردستان ئاڵای هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و



باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرانسەری ئێرانیان بەرز کردووەتەوە.

ئەم هێزە چەپ و ڕادیکاڵە ڕۆڵێکی حاشاهەڵنەگری لە ڕێکخستنی نارەزایەتی و مانگرتنی کرێکاری لە ساڵەکانی ڕابردوودا هەبووە. لە ئاخێزی جەماوەری مانگی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨دا مۆری خۆی بەسەر ئەم بزووتنەوە سیاسییانەدا کوتا. ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە دژی سەرمایەدارییە. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا سەرەڕای هەڵکشان و داکشانەکانی، بە دەورونەخش نواندنی هەر ئەم چەپە کۆمەڵایەتییە دەستیپێکرد و هەروا لەئارادایە. ناوەرۆکی خواست و داخوازی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم چەپە کۆمەڵایەتییە، درووشمی "نان، کار، ئازادی" پەیوەندی داوە. لەلایەکی دیکەشەوە شایەدی چالاکی حیزب، ڕێکخراو و هێزەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێرانین. ئەگەرچی ڕەنگدانەوەی چالاکی ئەم هێزانە لەناو ئەم بزووتنەوەیە، دەتوانین لە بردنەسەرەوەی ئاستی وشیاری و شەفافبوونی خواستی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم چەپە کۆمەڵایەتییەدا ببینین، بەڵام حیزب و ڕێکخراوەکانی ئێستا سەرەڕای هەموو پێشکەوتنەکانیان هێشتا لەئاستی کۆمەڵایەتیدا پەیوەندییەکی زیندوو و ئۆرگانیکیان لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە نییە. بە واتایەکی تر هێشتا بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی نارەزایەتی لەئاستی کۆمەڵایەتیدا لەگەڵ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی موتەحەزیب و ڕێکخراو پێک نەگەیشتوون.

کەموکوڕییەکی جیدی ئەم هێزە چەپە کۆمەڵایەتییە و ئەو نارەزایەتی و ئاخێزانەی کە بە هەوڵ و دەخاڵەتی ئەم هێزە لەئارادایە، ئەو واقعیەتەیە کە ئەم حەرەکەتانە هێشتا لە بزووتنەوەیەکی واحیدی سیاسی بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی و بۆ گۆڕینی وشیارانەی نیزامی سەرمایەداری تێکهەڵنەکێشراون. ئەم هێزە چەپە کۆمەڵایەتییە خاوەنی ڕێبەرییەکی سیاسی سەرانسەری نییە. هەربۆیە توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە هێشتا ئاڵتێرناتیڤێکی بەهێز لە مەیداندا نابینن کە بۆ ڕزگاری خۆیان پێی هیوادار بن. ئەگەرچی نەبوونی ئاڵتێرناتیڤێکی بەهێزی شۆڕشگێڕانە لە دەستپێکی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستادا وەک کەموکوڕی نەدەبیندرا، بەڵام لەئێستادا و لەگەڵ تێپەڕینی زیاتر لە یەکساڵ لەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە ئەم کەموکوڕییە لە هەموو کاتێک زیاتر هەستی پێدەکرێت. جەماوەری بەرینی کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران نیگەرانن و وێنەیەکی ڕوونیان لەوە نییە کە بەدیلی ئەم بارووودۆخە یەکجار قەیراناوی و شڵەژاوە دەتوانێ چی بێت. ئەوە ڕاستە کە لە کێشمەکێشی ئاڵتێرناتیڤەکاندا، بەشە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوایی بەهۆکاری بێگانەبوونیان لەگەڵ خواستی ئابووری و ئازادیخوازانە کە لە ناو بزووتنەوەی نارەزایەتیدا دێتە گۆڕێ، بەهۆی نامۆبوونیان لەگەڵ داخوازیی نان، کار، ئازادی، نفووزێکی بەرچاویان لەناو جەماوەری نارازیدا نییە. بەڵام لە نەبوونی هێژمۆنی چینی کرێکار بە ئاسۆی شۆڕشگێڕانە و سۆسیالیستی، لە نەبوونی ئاڵتێرناتیڤێکی سۆسیالیستی بەهێز، بەردەوام ئەو مەترسییە لەئارادایە کە بزووتنەوەی نارەزایەتی ببێتە خۆراکی شەپۆلی تەبلیغاتی ناسیۆنالیستی و مەزنخوازانەی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی بورژوایی لایەنگری ڕۆژاوا و هێزیان بکەوێتە خزمەت مانەوەی نیزامی چینایەتی و بەدەسەڵات گەیشتنی دیکتاتۆرییەکی غەیرەدینی.

سەبارەت بە پرۆسەی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی ئیسلامی پێویستە تەئکید بکرێت کە لە بارووودۆخی ئێستای ئێراندا درێژە و پەرەسەندنی نارەزایەتی و مانگرتنی کرێکاری و تێکەڵ بوونی خواستی ئابووری و خواستی سیاسی و لەدرێژەدا بەڕێوەبردنی مانگرتنی گشتی سیاسی کە ماشێنی سەرکوتی ڕژیم زەمینگیر بکات، ڕەوتی چاوەڕوانکراوی پێشڕەوی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستایە لەپێناو ڕووخاندنی ئەم دەسەڵاتە. بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە مانگرتنی سەرانسەری کرێکاران کە ستوونی سەرەکیی مانگرتنی گشتی سیاسییە، ناتوانێ ئاکامی حەرەکەتێکی خۆڕسک بێت.بۆ وڵامدانەوە بە پێداویستی ئەم بزووتنەوە چینایەتییە، لە بارووودۆخی ئێستادا پێکهێنانی کۆمیتەی مانگرتن، درووستکردنی کۆمیتەی کارخانە و پێکهێنانی شۆرا کرێکارییەکان یەکجار گرینگە. ژنان کە ڕۆڵی پێشەنگیان لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستادا بینیوە و بنەمای هەموو بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان بوون تائێستا بەشێکی چکۆلە لە هێزی خۆیان هێناوەتە مەیدانی نەبەردەوە. پێویستە بە کاری وشیاریدەرانە و ڕێکخراو بەرەی مەزنی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش بێنە مەیدانی نەبەردەوە. ناوەند و ڕێکخراوەکانی خوێندکاری چەپ و ڕادیکاڵ کە لە زانکۆ جۆراوجۆرەکانی

ئێراندا پێکهاتوون پێویستە پەیوەندی خۆیان لەگەڵ بەدەنەی بزووتنەوەی خوێندکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە بەهێز بکەن و بە ڕەخنەگرتن لە سیاسەت و ستراتێژی ئۆپۆزیسیۆنی ڕاست ڕۆڵی ڕۆشنگەرانەی خۆیان بەجێ بێنن. تۆڕی لاوانی شۆڕشگێڕ لە گەڕەکی شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران پێویستە پەیوەند و پایەی جەماوەری خۆیان پەرە پێبدەن و بە دەرس وەرگرتن لە ئەزموونی ئاخێزی سەرانسەری مانگی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ و ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینا لە بواری تاکتیکیشەوە شێوازی جەماوەریکردنەوەی ناڕەزایەتییەکانی شەقام فێربن. پێویستە فێری ئەوە بین کە چۆن تاکیتکەکانی هێزی سەرکوتی ڕژیم بۆ ڕێگری لە جەماوەری کردنەوەی ناڕەزایەتییەکان پووچەڵ بکەینەوە و فێربین کە چۆن ئەو تاکتیکانەی کە ئامانجیان زەربەدان لە جەماوەری بوونەوەی ناڕەزایەتییەکانە، دووری بکەین. ناڕەزایەتی شەقام بەشێکی جیانەکراو لە ئازادی ڕادەربڕین و مافی سەرەتایی خەڵکە و پێویستە هەر ئەم باوەڕە سادەیە لە ناو جەماوەری خەڵکدا پەرەی پێبدرێت و بەهێز بکرێت. بارودۆخی ئێستا لە هەموو نووسەران، هەواڵنێران، مامۆستایانی زانکۆ، سینەماکاران و هونەرمەندان کە بەرەنگاری کلتوور، سیاسەت و ئایدیۆلۆژی چینی دەسەڵات بوونەتەوە و لە بەرژەوەند و خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان دیفاع دەکەن دەخوازێت کە ڕێکخراوتر لە ڕابردوو هەنگاو هەڵگرن. سازماندان کلیلی پێشڕەوی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستایە بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی ئیسلامی سەرمایەدارانە.

لە هەلومەرجی ئێستادا بزووتنەوەی کرێکاری دەرفەتێکی گونجاوی بۆ هێزەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێران خوڵقاندووە تا بە گرینگی دان بەم بزووتنەوە واقعییە و بە هەوڵ و یارمەتی بۆ لابردنی کۆسپ و بەربەستەکان، بتوانن بەسەر ئەم جیاییەدا زاڵ بن و پێش مەرجەکانی پێکهێنانی ڕێبەرییەکی سیاسی سەرانسەری بە ستراتێژی سۆسیالیستییەوە فەراهەم بکەن. وڵامدانەوەی هاوبەشی چالاکان و ڕێبەرانی ئەو هێزە چەپە کۆمەڵایەتییە و چەپی موتەحەزیب بە کۆسپ و بەربەستەکانی سەر ڕێگای بزووتنەوەی کرێکاری و جەماوەری ئێستا، کلیلی پێک¬گەیشتنی ئەم دوو بەشە چەپە ڕادیکاڵ و سۆسیالیستییەیە.

***

# شەڕ و هەژاری و نابەرابەری، سیمای جیهانی سەرمایەداری

درێژەی شەڕی ئیمپریالیستی لە ئۆکراین، هەموو بوارەکانی ژیانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی لە سەرانسەری جیهان خستووتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. کرێکاران و هەژاران هێشتا لە ژێر باری گرفت و دواهاتەکانی پەتای کۆڕۆنا پشتیان ڕاست نەکردبووەوە کە ئەمجارەیان دیاردەیماڵوێرانکەری شەڕ بەشێوەیەکی تر گوشاری خستە سەر ژیان و گوزەرانیان. لە سەردەمی گشتگیربوونی پەتای کۆڕۆنادا لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان بەتایبەت لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری، بوودجەی تەندروستی و دکتور و دەرمان هاتە خوارێ. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە بووجەی پڕچەککردنی ئەرتەشەکان و مەترسی هەژاری و بێبەشی کۆمەڵایەتی لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا لە ٣.٦٪ەوە بۆ ٢٠.٩٪ زیادی کردووە و گەیشتووەتە نزیک بە ١٧ ملیۆن و ٣٠٠ هەزار کەس. لە فنلاند، لەم بەناو «شادترین» وڵاتەی دنیا، بە ئەندازەی دانیشتووانی پایتەختەکەی کە نزیک بە ٦٥٠ هەزار کەسە، خەڵکی هەژار بوونی هەیە. ڕەقەمێک کە بۆ وڵاتێکی پێنج و نیو ملیۆن کەسی جێگەی سەرەنجە. هەموو ئەمانەش لە حاڵێکدایە کە سەروەتی خاوەنانی کۆمپانییە گەورەکانی سەرمایەداری سەری لە ئاسمان داوە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە دەوڵەتەکان بۆ کڕینی چەک زۆربەیان ڕوو دەکەنە قەرز و بۆ دەربازکردنی کۆمپانییە قەیرانلێدراوەکان لە




بەرهەمهێنانی چەکی پێشکەوتووتر بەشێوەیەکی بێوێنە زیادی کردووە. چینی سەرمایەدار و دەوڵەتەکانیشیان لە سەردەمی کۆڕۆنادا لەگەڵ دەستپێکی ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەیە بێ بەزەیانە هێرشیان کردە سەر ژیانی کرێکاران. سەرمایەداران و دەوڵەمەندە گەورەکان لەڕێگەی فرۆشتنی دەرمان لە سەردەمی کۆڕۆنا و بە فرۆشتنی سووتەمەنی و چەک لەگەڵ دەسپێکی شەڕی ئۆکراین ملیاردها دۆلاریان قازانج کرد. ئەوەیکە لەو نێوەدا بەنەسیبی کرێکاران و توێژە کەمداهاتەکانی کۆمەڵگا بووە، گرانی بەرین، هەژاری و چوونەسەری تێچووی دابینکردنی پێداویستی ڕۆژانە، بێکاری، وێرانی شەڕ، ئاوارەیی و مەرگی بەکۆمەڵی ئینسانەکان لە ئاوەکانی مەدیتەرانە و پەرەسەندنی قەیرانی ژینگەیی بووە.

لە ئاڵمان وەک گەورەترین ئابووریی ئورووپا لە ئێستادا ملیۆنان کەس لە هەژاریدا دەژین. بەپێی ئاماری یەکیەتی ئورووپا، ڕێژەی کەسانی لەبەردەم ماڵیاتی خەڵک دەبەخشتن و بە گشتی بۆ کۆمپانیاکان ماڵیاتی کەمتر لەبەرچاو دەگرن و هەموو ئەم خەرج و هەزینانەش بەسەر حەقدەست و ژیانی جەماوری کرێکار و زەحمەتکێشدا دەسەپێنن.

لە سەردەمی گشتگیربوونی پەتای کۆڕۆنادا، دەوڵەتەکان بە گرتنەبەری سیاسەتی «قازانج بەرلە ژیان»، ملیۆنان ئینسانیان کردە قوربانی. ئێستا بە درۆی وەک ئەمنیەتی نەتەوەیی و بەرگری لە «ئازادی» و «سەربەخۆیی» بازاڕی فرۆشتنی چەک و کەرەستەی شەڕیان گەرمتر لە ڕابردوو کردووە. لەحاڵێکدا کە خاوەنانی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی چەک بەتایبەت لە ئەمریکا، قازانجی سەدان ملیاردیان کرد، لە جەریانی هەر ئەم شەڕە ئیمپریالیستییە لە ئۆکراین هەتا ئێستا زیاتر لە نیو ملیۆن کەس لە هەر دووک لا، گیانیان لەدەستداوە و یان بریندداربوون. شەڕێک کە بەپێچەوانەی درۆ و فریوکاری دەوڵەتانی ئورووپایی و ئەمریکا، کە بە شەڕ لەپێناو «ئازادی»ی ئورووپا و

«سەربەخۆیی»ی ئۆکراین ناوی لێدەبەن، وەک هەموو شەڕ و داگیرکارییەکانی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی، هەروەک لەشکرکێشی بۆسەر عێراق و ئەفغانستان و بۆمبارانی لیبی و شەڕی نیابەتی لە سووریە و یەمەن و سوودان و شوێنەکانی تر، شەڕی دەسەڵاتە ناوچەیی و جیهانییەکانە لەسەر دابەشکردنی دووبارەی جیهان و پەرەپێدانی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵیان.

هەر کات حاکمانی ئەم نیزامە لەپێناو ئامانجی ئیمپریالیستی و داگیرکەرانەی خۆیان بۆ کۆنترۆڵی قەیرانەکانی ناو کۆمەڵگاکانی خۆیان لە گۆشە و کەناری جیهان شەڕ بەرپا دەکەن، لە ناو کۆمەڵگاکانی خۆشیاندا ڕێگا بۆ بەهێزبوونی ڕاستە توندئاژۆ و فاشیستەکان دەکەنەوە تا ئەم هێزانەش بە پەرەپێدانی بیری ڕاسیستی و توندوتیژی، جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا بەرنگاری یەکتر بکەنەوە. لەلایەکی دیکەوە دەوڵەتەکان بە داسەپاندنی سیاسەتی ڕیازەتی ئابووری و هێنانەخواری بوودجەی خزمەتگوزاری و پەروەردە و قوربانیکردنی ژیان و بژێوی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و هێنانەخواری ئاستی ماڵیاتی دەوڵەمەندەکان، درێژەی سیاسەتی شەڕنانەوە لە دەرەوەی سنوورەکان و سەرکوتی کرێکاران لەناوەوە و قازانجی زیاتری سەرمایەداران زەمانەت دەکەن.

لە بەرامبەر ئەم شەڕنانەوە و پەرەسەندنی نابەرابەرییانەدایە کە لە ئورووپا و ئەمریکا و شوێنەکانی تری جیهان شایەدی سەرهەڵدانی دووبارەی خۆڕاگری و خەباتی کرێکاران و جەماوەری وەگیانهاتوو لە شەڕ و قەیران و گرانین. مانگرتنی بێوێنەی کرێکارانی ئۆتۆمبێلسازی و نارەزایەتی مامۆستایان و پەرستاران و کرێکارانی ناوەندەکانی دیکەی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری لە ئەمریکا، نارەزایەتی ملیۆنی لە فەرانسە، مانگرتنی کرێکاران لە ئاڵمان، نارەزایەتی خوێندکارانی زانکۆکان لە وڵاتە جۆراوجۆرە ئورووپاییەکان، مانگرتنی پەرستاران لە بریتانیا، نارەزایەتی سەدان هەزار کەسی مانگی سێپتامبر لە وڵاتی چێک دژبە ناتۆ و نارەزایەتی و مانگرتنی کرێکاری و جەماوەری لە فنلاند بەرامبەربە سیاسەتی دژەکرێکاریی دەوڵەت و دژبە ڕەگەزپەرستی و هێزی ڕاستی توندئاژۆ کە ئێستاش بەردەوامە، هەر هەموویان نموونەی موقاوەمەت و خەباتی کرێکاران دژبە شەڕ، هەژاری، نابەرابەری و لە یەک کەلامدا دژبە نیزامی سەرمایەدارییە. جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش ئەو هێزە کۆمەڵایەتییەن کە دەتوانن بە فشار خستنە سەر دەوڵەتە سەرمایەدارییەکان کۆتایی بە شەڕی ماڵوێرانکەری ئۆکراین بێنن و بە ڕێگری لە جنوونی شەڕی زلهێزەکانی سەرمایەداری، لە سەرهەڵدانی شەڕی جیهانیی سێهەم ڕێگری بکەن.

***

## شەڕی حەماس و دەوڵەتی ئیسرائیل لە خزمەت ئامانجە کورتماوەکانی ڕژیمی ئیسلامیدا

سەرەڕای تێپەڕینی یەک حەفتە لە دەستپێکی شەڕی جەنایەتکارانە و کۆنەپەرستانەی نێوان دەوڵەتی ئیسرائیل و گرووپی ئیسلامی حەماس، کۆماری ئیسلامی نەیوێراوە بەرپرسایەتی دەخاڵەتی خۆی لە وەرێخستنی ئەم شەڕە بگرێتە ئەستۆ. شەڕێک کە هەتا ئێستا بەهۆیەوە لانیکەم پێنج هەزار کەس کوژراون و زیاتر لە دە هەزار کەسیش بریندار بوون کە زۆربەیان خەڵکی سیڤیل و مەدەنین. هەروەها زیاتر لە یەک ملیۆن کەس لە خەڵکی



ستەملێکراوی غەزە بەهۆی بۆمبارانی وەحشیانەی ڕژیمی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیلەوە ئاوارە بوون و ماڵیان وێران بووە. ڕۆژی هەینی ٢١ی مانگی ڕەزبەر دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل ڕایگەیاند کە هەموو خەڵکی شاری غەزە ماڵەکانیان جێبهێڵن تا ئەم جەنایەتکارانە ماڵەکانیان کە بە هەزار بەدبەختی و هەژارییەوە سازیان کردوون بۆمباران بکەن. نەتانیاهۆ سەرۆکوەزیرانی گەندەڵی ئیسرائیل دوای حەوت ڕۆژ بۆمبارانی چڕ و بەردەوامی شاری غەزە وتی: "ئەوەیکە ئەنجامنمان دا تەنها دەستپێکی کارەکەیە و ئەم شەڕە بەم زووانە کۆتایی نایێت». لەلایەکی دیکەوە ڕاهاتووانی «عەسایبی عێزەدین قەسام»، لقی نیزامی حەماس لە هێرشی ڕۆژی شەممە ١٥ی ڕەزبەردا، دڕندانە منداڵان و ژنانیان کوشت، سووکایەتییان بە حورمەتی ئینسانییان کرد و ژمارەیەکی زۆر لە یەهوودییەکانیان بەدیل گرت.

ئەم جەنایەتە هێندە دڵتەزێن و نامرۆڤانە بوو کە تەنانەت کۆماری ئیسلامی لە ترس و نیگەرانی لە کاردانەوەی داهاتوو، نەیوێرا دان بەوە دابنێ کە لەم هێرشەدا دەستی بووە. لە میدیاکاندا زۆر گرتە ڤیدیۆ بڵاوکراونەتەوە کە نیشانی دەدەن هەر دوو بەرەی ئەم شەڕە دەرفەتێکی زێڕینیان بۆ کوشتنی منداڵان و ژنان و پیاوانی بێتاوان دەستکەوتووە تا لەم ڕێگەوە کێشە و قەیرانە ناوخۆییەکانی خۆیان داپۆشن.

ڕۆژی سێشەممە ١٨ی مانگی ڕەزبەر واتە سێ ڕۆژ دوای ئەنجامدانی ئەم جەنایەتەی حەماس و بەدوای هۆشداری ئەمریکا بە کۆماری ئیسلامی، عەلی خامنەیی وێڕای دەربڕینی شادی و خۆشحاڵی لەئاست ئەنجامدانی ئەم جەنایەتە، هەڵوێستێکی ناتەبای گرت و وتی: "من ناوچاوان و باسکی دارێژەرانی لێهاتوو و وشیاری فەلەستینی ماچ دەکەم. بەڵام پشتیوانانی ئیسرائیل و کەسانێک لە حکوومەتی ئیسرائیلەوە، دەڵێن کە ئێرانی ئیسلامی لە پشت ئەم حەرەکەتەوە بووە. ئەوان هەڵەن. هەڵبەت ئێمە لە فەلەستین دیفاع دەکەین و کردووشمانە». بەدوای خامنەییدا بەرپرسانی حکوومەتی ئیسلامیش بە گرتنەبەری هەڵوێستێکی هاوشێوە حاشایان لە هاودەستی ڕژیمی ئیسلامی لەم جەناياتەی حەماسدا کرد. ئیبراهیم ڕەئیسی قاتڵ، حسێن سەلامی فەرماندەی سپای پاسداران، ئەمیر عەبدوڵلاهیان، هێندێک لە نوێنەرانی مەجلیس و میدیاکانی سەر بە حکوومەتیش هەر هەموویان وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی و شانازی، کوشتنی خەڵکی ئیسرائیلیان لە بەرپرسانی حەماس پیرۆزبایی کرد و دەستیان کرد بە پێهەڵکوتن و تاریفکردن. لە شەقام و مەیدانی شارەکانی ئێران جێژن و شادی بەکرێگیراوانی حکوومەتییان وەرێخست. لە ڕوانگەی ئەوانەوە کوشتنی کافران

و بە غەنیمەت گرتنی ژن و منداڵیان، هەروەک داعش ئەنجامی دا، ڕێگەپێدراوە. ئەمە یەکەم جار نییە کە ڕژیم بەپێی یاسای ئیسلامی قەتڵوعامی «کافران»، واتە خەڵک، واجبی شەرعی ڕادەگەیەنێ. دوای هاتنەسەرکاری حکوومەتی ئیسلامی، خومەینی جەنایەتکار خەڵکی کوردستانی «بەنی قورەیزە» ناولێنا و فەرمانی هێرش و فتوای قەتڵوعامی خەڵکی دەرکرد. لەشکرەکانی حکوومەتی ئیسلامی هێرشیان کردە سەر ئاواییەکانی قارنێ و قەلاتان، کانی مام سەیدە و ئاواییەکانی دیکە و بە کوشتنی خەڵکی بێدیفاع هەمان جەنایاتیان خوڵقاند کە حەماس لەم شەڕەدا ئەنجامی دا.


بەڵام بۆ خامنەیی شەڕ دژبە ئیسرائیل تەنها ئەنجامی فەرایزی دینی نییە، بەڵکوو نیعمەتێکە بۆ خزمەت بە ئامانجە کورتماوەکانی کۆماری ئیسلامی. بە باوەڕی ئەو یەکێک لە بەرەکەتەکانی ئەم شەڕە کە بێهوودە پێی هیواداره، بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی ئێرانە لەو قەیرانە قووڵە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییانە. کە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و سەرانسەری یەک ساڵی ڕابردوو و بەرۆکی ڕژیمی گرتووە و ناتوانێ لێی ڕزگاری بێت. لەلایەکی دیکەوە ساڵەهایە ڕێکخراوە ئەمنیەتییەکانی ئیسرائیل لە ناوەوە زەرەر و زیان بە ناوەندەکانی ئەتۆمی و لێکۆڵینەوە و زانیاریی کۆماری ئیسلامی دەگەیەنن. لە ناوەندە ئیتلاعاتییەکانی کۆماری ئیسلامی بەکامیۆن بەڵگە دەردەکێشن. زانایانی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی تیرۆر دەکەن. ساڵەهایە لە سووریە ناوەندەکانی سپای پاسدارانی ڕژیم بۆمباران دەکەن و هەتا ئێستا سەدها کەس لە فەرماندە و هێزەکانی سپای قودسیان کوشتووە. بەڵام کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە لە بەرامبەردا کاردانەوەیەک نیشان بدات. ئەم شەڕە دەرفەتێکە بۆ خامنەیی تا بە تۆڵەی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆسەر ڕژیم بەحیسابی بێنێ و بە هێزەکانی سپای پاسداران و باقی مەقاماتی ڕژیم کە زۆربەیان لە جەریانی بزووتنەوەی ژینادا تووشی گومان و نافەرمانی بوون، ڕووحیە بدات. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە ئەم هێرشە بە دەسپێکی پێشبینی نەزانانەی خۆی بەحیساب دێنێ کە پێنج ڕۆژ پێشتری لە کۆنفرانسی ئیسلامی لە تاران باسی لەوە کردبوو کە نابوودی ئیسرائیل بەم زووانە دێتەدێ. هەڵبەت وەدواخستنی پەیوەندی دیپلۆماتیکی نێوان عەرەبستانی سعوودی و ئیسرائیلیش دەتوانێ بەشێک لە ئامانجی کۆماری ئیسلامی بێت لە دەخاڵەتکردنی بۆ سەرهەڵدانی ئەم شەڕە. شۆڕای باڵای ئەمنیەتی میللی ڕژیم لەم پەیوەندەدا هێرشەکانی حەماسی «پەیامێکی ڕوون بۆ عەرەبستان» ناوبردووە کە لە هەوڵی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیلدایە.

ئێستا کە کۆماری ئیسلامی بەشوێن ئەم ئامانجانەوەیە و لەئاست ئەم هێرشە ڕەزایەت و خۆشحاڵی دەردەبڕێ چۆن دەتوانێ حاشا لە دەورونەخشی خۆی لە بەرپاکردنی ئەم شەڕە بکات؟ پێداگریی بێهوودەی خامنەیی لە ئینکاری دەخاڵەتی ڕژیم لەم شەڕە لە حاڵێکدایە کە ئەنگوستی تاوانی هەمووکەس بەرەو کۆماری ئیسلامی ڕاکێشراوە. چونکە یەکەم، زۆرێک لە کارناسانی نیزامی لەو باوەڕەدان کە ڕێکخستن و بەرنامەڕێژی بۆ وەها هێرشێک بەدەر لە توانا و زەرفیەتی گرووپی ئیسلامی و تیرۆریستی حەماسە. دووهەم، بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی واڵستریت جورناڵ بەوتەی بەرپرسانی حەماس و حزبوڵڵا، سپای قودس لە مانگی ئاگۆستی ڕابردووەوە خەریکی یارمەتیدانی مەسئوولانی حەماس بووە لە داڕشتنی پیلان بۆ هێرشی هاوئاهەنگی زەمینی، ئاسمانی و دەریایی بۆسەر ئیسرائیل و مەشق و ڕاهێنانی بە کەسانی سەربە «عەسائبی عێزەدین قەسام» و جەهادی ئیسلامی کردووە. لەلایەکی دیکەوە ئەم شەڕە بۆ نەتانیاهۆ و دەسەڵاتی گەندەڵ و ڕەگەزپەرستی ئیسرائیلیش کە بەرەورووی قەیرانی قووڵی سیاسی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بزووتنەوەی جەماوەری بووەتەوە و ناڕەزایەتی و مانگرتن بەرەو ناوەندە نیزامییەکانیش تەشەنەیان سەندووە و خوازیاری ڕووخاندنی حکوومەتن، دەسپێک و درێژەی وەها شەڕێکی ڕەگەزپەرستانە و کۆنەپەرستانە، تەنانەت ئەگەر بەهاکەی گیانی دەیان هەزار کەس لە خەڵکی فەلەستین و ئیسرائیلیش بێت، نیعمەت و دەرفەتێکی باشە لەپێناو مانەوەی ئەم دەسەڵاتە گەندەڵ و ڕەگەزپەرستە. کەوابوو هەر دوو بەرەی ئەم شەڕە بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە شەڕ بۆ خەڵکی فەلەستین و حەماس چ زیانێکی قورس و ئاکامێکی وێرانکەری دەبێت، سەرهەڵدانی ئەم شەڕە لەپێناو بەرژوەندی خۆیان بە نیعمەت و بەرەکەت دەزانن. ئەم بابەتە مەترسییەکی جیدیە لەئاست پەرەسەندنی شەڕ بۆ شوێنەکانی دیکە و پێویستە خەڵکی ئازادیخواز و بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازەکان لە سەرانسەری جیهان ئەم شەڕە دژەئینسانییە مەحکووم بکەن و بۆ کۆتایی هاتنی تێبکۆشن و ناڕەزایەتی دەربڕن.

***

## ژنانی ئازادیخواز پاشەکشە ناکەن

بەپێی ڕاپۆرتەکان لە سەرەتای مانگی ڕەزبەرەوە لانیکەم هەشت ژن لە شارەکانی ئێران بە دەستی پیاوانی کەسوکاری خۆیانەوە کوژراون. سەرەتای مانگی ڕەزبەر، کچێکی شازدە ساڵ تەمەن و خەڵکی شاری ڕەبەت لە سەردەشت لەلایەن باوکییەوە بەشێوەیەکی دڵتەزێن کوژرا. تەرمی ئەم کچە تازەلاوە لە حاڵێکدا لە بەنداوی سەردەشتدا دۆزرایەوە کە دەم وچاوی چەسب کرابوون و بلۆکی سیمانی بە پێیەوە بەسترابوو. هاووڵاتییان لە کاتی خاڵی کردنی ئاوی بەنداوەکەدا جەستەی ئەم کچە تازەلاوە دەبینن و پۆلیس ئاگادار دەکەنەوە. باوکی دانی بە کوشتنی کچەکەی دا ناوە و وتوویەتی کە بەخاتری درەنگ هاتنەوە بۆ ماڵ کوشتوویەتی. هەروەها سەرەتای مانگی



ڕەزبەر لە شیراز کوڕێکی لاو، کچێک کە لای وابووە دەستگیرانیەتی، بە هەڵە لە سەر شەقام بە چەقۆ دەکوژێ. ڕۆژی ٦ی مانگی ڕەزبەر پیاوێکی دانیشتووی مەشهەد هاوسەرەکەی دەخنکێنێ. ئەو دوای کوشتنی هاوسەرەکەی تەرمەکەی پارچەپارچە دەکات و دەیخاتە چەمەدانەوە و چەمەدانەکە لەگەڵ خۆی دەباتە تاران و پاشان خۆی بە پۆلیس دەناسێنێ. ئەو سەبارەت بە هۆکاری ئەم قەتڵە وتوویەتی کە هاوسەرەکەی لەگەڵ پیاوێکی تر لە پەیوەندیدا بووە. ١٧ی مانگی ڕەزبەر کچێکی حەفدە ساڵ تەمەن لە گوندی مارەغانی سەربە شاری سەردەشت، لەلایەن هاوسەر و دوو زڕبراکەیەوە بە چەک دەکوژرێت. ئەم کچە تازەلاوە لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا لەسەر داوای بنەماڵەکەی لەگەڵ ئامۆزاکەی هاوسەرگیری دەکات. بەڵام بەهۆی کێشە و گرفتی بنەماڵەییەوە ناچار دەبێت بۆ ماڵی باوکی بگەڕێتەوە. دواجاریش لەلایەن هاوسەر و دوو زڕبراکەی خۆیەوە دەکوژرێ. لە یەکێک لە گوندەکانی سەربە شاری خۆی پیاوێک بە چەکی گەرم، هاوسەرەکە و کچ و خوشکەزاکەی دەکوژێت و ڕادەکات. بەڵام دوای چەند ڕۆژ لەلایەن پۆلیسەوە دەستبەسەر دەکرێت. ئەویش هۆکاری ئەم جەنایەتەی مەسەلەی ناموسی ڕاگەیاندووە. ٩ی مانگی ڕەزبەر دوو پیاو لە ئەهواز

ژنێکی خزمی خۆیان بەخاتری کێشەی بنەماڵەییەوە دەکوژن. ١١ی مانگی ڕەزبەر ژنێکی بیست و پێنج ساڵ لە باقرئابادی سەربە پارێزگای مەرکەزی لەلایەن خاڵی خۆیەوە بە چەکی ڕاو دەکوژرێ. لە ڕێکەوتی ١٣ی مانگی ڕەزبەردا ژنێکی ٢١ ساڵ تەمەن و خەڵکی گوندی گولانی سەردەشت کە لە هاوسەرەکەی جیا بووەوە و گەڕابووەوە ماڵی باوکی، لەلایەن مام و باوکیەوە دەکوژرێ. ئەم جەنایاتە کە لەژێرناوی قەتڵی ناموسیدا ئەنجام دەدرێن تەنها چەند نموونەی کەمن کە کۆمەڵگا لێیان ئاگادار بووەتەوە. ئەمانە تراژێدیایەکی دەگمەن و تایبەت نین. هەر هەموویان تازە بەشێکی زۆر کەمن لەو جەنایاتەی کە بە پشت بەستن بە مەزهەب و سوننەتی دواکەوتووانە و کۆنەپەرستانەی باوک – پیاوسالارییەوە ڕوو دەدەن.



ئەگەر لە یاسای ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا ژن کاڵایە و بەنیوەی پیاو حیساب دێت، کەوابوو کۆمەڵگای بورژوازیش ئەو حەقە بە خۆی دەدات کە هەر جۆرێک کە دەیهەوێ لەگەڵ ئەم کاڵایە و ئەم جنسە نیوەی پیاوە ڕەفتار بکات. ئەگەر نیزامی سەرمایەداری، ئاگاداری تجاری فرۆشتنی کاڵاکانی بە وێنەی ژنان دەڕازێنێتەو و لە دار و دیواری دەدات و لە بازاڕی پڕسوودی فرۆشیدا هەڕاجی دەکات، لە کۆمکەڵگای ئێرانیش کە پارێزەرانی کۆنەپەرستی هەزار و چوارسەد ساڵە، دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، بەجۆرێکی تر لەگەڵی هەڵسووکەوت دەکەن. لە چارشێو و مەقنەعەی دەپێچن تا لە چاوی کەسانی تر بیپارێزن. لە چوارچێوەی ماڵ و لەژێر گوشاری کلتووری پرتووکاوی ئایینی و پیاوسالاریدا بە بەندی دەکێشن. ئەگەر لەو نێوەشدا ژنێک موقاوەمەت و سەرکەشی کرد دەیکوژن. و هەڵبەت بۆ هەموو ئەمانە دەوڵەتی بورژوایی - ئایینی یاسا دادەنێت و لات و چەقۆکێشەکانی بۆ بەڕێوەبردنی یاساکەی ڕەوانەی شەقامەکان دەکات. لەم کۆمەڵگایەدا کە دەسەڵاتی کۆنەپەرستان بەسەریدا زاڵە، ژنێک ئەگەر نەیهەوێ باری قورس و بێ موزدی کاری ناو ماڵ تەحەمول بکات، توانای بەرهەمهێنانی هێزی کاری نوێ بۆ سەرمایەداری نەبێت و نەتوانێ توندوتیژی هاوسەر و پیاوانی کەسوکاری تەحەمول بکات، دەبێ نیگای سووکی خزم و کەس و دراوسێی بەڵێندار بە «سوننەت» و «نامووس» قەبووڵ بکات.

هەموو ئەم جەنایاتە لە کۆمەڵگایەکدا ڕوو دەدەن کە تێیدا پڕگوڕوتینترین ئاخێزی شۆڕشگێڕانە لەماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا بە پێشەنگایەتی ژنانەوە ئەزموون کراوە. ئاخێزێک کە ئاڵوگۆڕێکی مێژوویی لە وشیاریی کۆمەڵانی خەڵکدا پێکهێناوە و هێرشی کردووەتە سەر گرینگترین بنەماکانی ئایدیۆلۆژی دەسەڵاتی ئایینی و سەمایەداری لە ئێران. بەڵام سەرەڕای ئەم ڕووداوە گەورە و کاریگەرە، ئێزامی باوک – پیاوسالاری بە دڕندەییەکی بێوێنەوە ژنان دەکاتە قوربانی.

ئێستا ئیتر زۆر سەخت نییە تێگەیشتن لەو بابەتە کە بۆچی لە مانگی خەرمانانی ساڵی ڕابردوو قەتڵی دەوڵەتی ژینا بوو بەهۆی ئەم تەقینەوە مەزنە کۆمەڵایەتییە. هەموو ئەو برینانەی کە لەماوەی ئەم ساڵانەدا لە جەستەی و دەروونی ژنان درابوو. هەموو سووکایەتییەکان، هەموو ئەسیدپاشییەکان بە ڕوخساریان، برینی چەقۆکان، تەعەڕوزی بەردەوامی ئوباشانی پارێزەری «حیجاب و عیفاف»، هەموو ئەمانە ببوون بە باڕووت و کوشتنی ژیناش بوو بە چەخماخەی ئەم تەقینەوەیە. کۆمەڵگا بە دەنگی ڕەساوە ڕوو بە دەسەڵاتداران هاواری کرد کە پەنا بۆ گۆڕەکانی هەزاران ساڵەتان بەرن. بەهەشت و جەحەنەمەکەتان پێشکەشی خۆتان. ژنان بوێرانە دەنگیان هەڵبری و هاواریان کرد کە لەم ژیانە وەگیانهاتووین و ڕێگە نادەین ئێوەی پارێزەرانی دواکەوتووترین سوننەتەکەیان، دەسەڵاتدارمان بن. ژنان بە بوێرییەکی بێوێنەوە هاواریان کرد کە بۆنی گەنیوی حوکم و فەرمانە ئیسلامییەکانتان هەموو کۆمەڵگای داگرتووە و چیتر بۆمان تەحەمول ناکرێ. ئەم ئاخێزە هاوکات ڕاگەیاندنی شەڕ بە هەموو ئەوانە بوو کە هێستاش لایان وایە کە دەتوانن بە زەبری زۆر و گوللە بەناو نامووسەکەیان بپارێزن. ئەم شەڕە پێویستە بە هەموو هێزەوە لەپێناو لەناوبردنی هەموو نابەرابەرییە جنسیەتییەکان و لەپێناو لەناوبردنی هەموو بیرێک کە بنەماکەی ئەم نابەرابەرییە، بەرەوپێشەوە بچێت.

***

## خەڵکی غەزە لەبەردەم سزای بەکۆمەڵ و کارەساتێکی گەورەی مرۆییدا

لە بەرەبەیانی ڕۆژی شەممە ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ کە هێزە چەکدارەکانی حەماس لە هێرشێکی غافڵگیرانە و بێوێنەدا لەژێرناوی «تۆفانی ئەقسا» دیوارە ئەمنیەتییەکانیان شکاند و نفووزیان کردە ناو هێندێک لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئیسرائیل، شەش ڕۆژ تێدەپەڕێ. بەپێی ڕاپۆرتەکان هێزەکانی حەماس لە جەرەیانی ئەم هێرشە غافڵگیرانەیەدا کە هاوکات بوو لەگەڵ مووشەکبارانی شارەکانی ئیسرائیل دەیان سەربازی ئیسرائیلییان کوشتووە و بریندار کردووە و زیاتر لە سەد هەزار کەسی نیزامی و مەدەنییان بەدیل گرتووە. لەم هێرشەدا هێزە تاوانکارەکانی گرووپی حەماس زیاتر لە ١٠٠٠ کەس لە خەڵکی ئیسرائیل، ژن و پیاو و منداڵ و پیر و لاویان بەشێوەیەکی کارەساتبار کوشتووە و هەزاران کەسیشیان بریندار و نیوەگیان کردووە.

ئەرتەشی ئیسرائیلیش کاتژمێرێک دوای ئەم هێرشانە، هێرشی ئاسمانی بەرینی لەژێرناوی ”شمشیرە ئاسنینەکان“ بۆسەر کەرتی غەزە دەستپێکردووە و دانیشتووانی غەزەی خستووتە ژێر ئاگری بۆمبارانێکی قورسەوە. بەوتەی فەرماندەکانی ئەرتەشی ئیسرائیل لەماوەی ئەم شەش ڕۆژەدا ٦٠٠٠ بۆمب بە وەزنی ٤٠٠٠ تۆن مادەی تەقەمەنییان بەسەر دانیشتووانی غەزەدا باراندووە. کاربەدەستانی کەرتی غەزە ژمارەی کوژراوەکانی هێرشی ئیسرائیلیان لانیکەم هەزار و ٥٧٣ کەس و ژمارەی بریندارەکانیان ٦ هەزار و ٦١٢ کەس ڕاگەیاندووە و زیاتر لە ٣٢٠ هەزار کەسیش ناچاربوون ماڵەکانیان جێبهێڵن. بەپێی دوایین ڕاپۆرتەکان، زیاتر لە ٥٠٠ منداڵ بەهۆی ئەم بۆمبارانەی ئیسرائیلەوە کوژراون. سیاسەتی کوشتنی بەکۆمەڵی فەلەستینییەکان لە حاڵێکدا لەئارادایە کە کەرتی غەزە بەتەواوی گەمارۆ دراوە، جەریانی بەرق پچڕاوە و دانیشتووانی بۆ دابینکردنی ئاو و خۆراک یەکجار لە مەزیقەدان. بەجۆرێک کە سندووقی جەمعیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاندووە کە ٥٠ هەزار ژنی دووگیان لە غەزە دەستیان بە خزمەتگوزاریی سەرەتایی دەرمان و ئاوی خاوێن ڕاناگات. دەوڵەتی ئیسرائیل ڕایگەیاندووە کە تا کاتێک دیلەکان ئازاد نەکرێن گەمارۆ و بۆمبارانی غەزە درێژەی دەبێت. نەتانیاهۆ سەرۆکوەزیرانی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل کە هۆشدارەکانی دەوڵەتی میسر سەبارەت بە ئەگەری ئەنجامدانی وەها هێرشێکی لە لایەن حەماسەوە

نادیدە گرتبوو، بە ڕاگەیاندی دۆخی جەنگی هەڕەشەی کردووە کە غەزە لەگەڵ خاک یەکسان دەکات. دەوڵەتی ئیسرائیل بەنیازە بە قیمەتی کۆمەڵکوژی و داسەپاندنی کارەساتێکی گەورەی مرۆیی بەسەر خەڵکی فەلەستین لە غەزە، ڕێکخراوی نیزامی حەماس ئیفلیج و زەمینگیر بکات.

ئەم شەڕە کۆنەپەرستانە و ماڵوێرانکەرە ئیدامەی مەنتقی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە و داگیرکەرانەی دەوڵەتی ئیسرائیل لەلایەکەوە و سیاسەتی کۆنەپەرستانە و توندوتیژی نانەوەی مەزهەبی گرووپی



حەماس و سازمانی جەهادی ئیسلامی فەلەستین، سەربە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، لەلایەکی دیکەوەیە. دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل بە پشتیوانی دەوڵەتی ئەمریکا و باقی هاوپەیمانانی لە ئوورووپا بەردەوام بە شارەکسازی لە ناوچەکانی فەلەستین سیاسەتی داگیرکەرانەی خۆی بەڕێوەبردووە و زیاتر لە ١٥ ساڵە بە گەمارۆدانی پتر لە دوو ملیۆن کەس لە دانیشتووانی کەرتی غەزە و بە بەڕێوەبردنی سیاسەتی مشتی ئاسنین، ژیانێکی کارەساتباری بەسەریاندا سەپاندووە. غەزە کە بە گەورەترین زیندانی سەر ئاواڵەی جیهان دەناسرێت، ساڵەهایە لەژێر ئاگری هێرشی ئاسمانی دەوڵەتی ئیسرائیل و لەبەردەم سزای بەکۆمەڵدایە. لە کەناری ڕۆژئاوا، دانیشتووانی شاری «جنین» ئێستاش بەخاتری وێرانەکانی هێرشی بێ ئەمانی ئەم دوایانەی ئیسرائیل کە ئەم شارەی کردووەتە چۆڵکە، لە ڕەنج و ئازاردا بەسەر دەبەن. فەلەستینییەکانی شاری چکۆلەی «حووارا» لە باکووری کەناری ڕۆژئاوا ئێستاش لەو خۆفە مەرگبارەی کە چەکدارە توندڕەوەکانی سەربە ئەرتەشی ئیسرائیل پێکیان هێنا، ڕەها نەبوون. لەماوەی ئەمساڵدا هەتا ئێستا، هێزە نیزامییەکانی ئیسرائیل زیاتر لە دووسەد فەلەستینیان لە کەناری ڕۆژئاوا کوشتووە. لە

ئورشەلیم، سەربازانی ئیسرائیلی و هێزە ئەمنیەتییەکان ڕێگەیان بە گرووپە شارۆچکەنشینەکان داوە تا بە زۆر بنەماڵە فەلەستینییەکان دەربکەن و ماڵەکانیان داگیر بکەن. یەهوودییە توندڕەوە شارۆچکەنشینەکانیان هانداوە تا هێرش بکەنە سەر مزگەوتی ئەقسا و نوێژخوێنانی فەلەستینی بدەنە بەر ئەزیەت و ئازار و توندوتیژی.

دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل ئەمجارەیان بە پاساوی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ جەنایەتەکانی کارەساتبار و دژەئینسانی گرووپی حەماس لە ڕۆژی ٧ی ئۆکتۆبر و بە پشتوانی دەوڵەتی ئەمریکا و باقی دەوڵەتە سەرمایەدارییەکانی ئەندامی ناتۆ ئەم شەپۆلەی کوشتن و تاوانی شەڕ و سزای بەکۆمەڵی خەڵکی فەلەستینی لە غەزە خستووەتە ڕێ. بەڵام ئەزموونی مێژووی خەباتی خەڵکی فەلەستین نیشانی داوە تەنانەت کاتێک کە ئەم نەتەوە ستەملێکراوە لەڕێگەی مانگرتن و خۆپیشاندان و بەرەنگاربوونەوەی بەدوور لە توندوتیژی خەباتیان دژبە داگیرکاری بەڕێوەبردووە، دەوڵەتی ئیسرائیل بە سەرکەوتی خوێناوی بەرەنگاریان بووەتەوە. ئینتیفازەی ئەوەڵ و ڕاپەڕینی جەماوەری فەلەستین کە لە ساڵی ١٩٨٧ لە کەمپی ئاوارەکانی «جەبالیا» لە غەزە دەستیپێکرد، بەشێوەیەکی دڕندانە لەلایەن هێزەکانی ئیسرائیلەوە سەرکوت کرا. گرووپی حەماس و گرووپە میلیشیا ئیسلامییەکانی تر هەر لەو سەردەمەدا و بە پشتیوانی ناڕاستەوخۆی دەوڵەتی ئیسرائیل و بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هێزە چەپ و پێشکەوتنخوازەکانی بزووتنەوەی فەلەستین پێکهاتن. لە سێپتامبری ٢٠٠٠دا غەزە بوو بە مەیدانی دووهەمی ئینتیفازەی دووهەم. لەو کاتدا «محەممەد ئەلدۆرێ» دوازدە ساڵان کە لە چوارڕێیانی نزیک بە کەمپی ئاوارەکانی «بوریج» لە غەزە بە تەقەی ڕاستەوخۆ

لە باوەشی باوکیدا گیانی بەختکرد، بوو بە وێنەی سەمبۆلیکی ڕاپەڕین. لە جەریانی ئینتیفازەی ئەوەڵ و دووەمدا زیاتر لە پێنج هەزار فەلەستینی لەلایەن ئیسرائیلەوە کوژران. لە ساڵی ٢٠١٨ کاتێک کە ئاوارەکانی غەزە «ڕێپێوانی گەورەی گەڕانەوە»یان بەڕێوەبرد، هێزەکانی ئیسرائیل بە خەڵتانی خوێن کردنی زیاتر لە ١٥٠ خۆپیشاندەر و برینداركردنی هەزاران کەس وڵامیان دانەوە.

جەنایاتی بێسنووری دەوڵەتە ڕەگەزپەرستەکانی ئیسرائیل لە غەزە نەسلێک لە فەلەستینییەکانی بەجۆرێک بارهێناوە کە باوەڕیان بە خەباتی جەماوەری و ڕێکخراو لەدەستداوە. لەڕاستیدا ڕەوتی کۆنەپەرستی حەماس و گرووپی جەهادی ئیسلامی کە کوشتار و پەرەپێدانی ترس و تۆقاندنیان کردووەتە تاکتیک و ستراتێژی خۆیان، هەر لەو هێزانەوە تەغزیە دەکەن کە سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە و داگیرکەرانەی ئیسرائیل بۆیانی پەروەردە کردوون. دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی نەتاناهو خۆی تۆوی ئەم تۆفانەی چاندووە. لەڕاستیدا ئەم دوو بەرە کۆنەپەرستە لە یەکتر تەغزیە دەکەن.

بێگومان خەڵکی فەلەستین و ئیسرائیل هیچ بەرژەوەند و قازانجێکیان لەم شەڕە کۆنەپەرستانەیەدا نییە. ئەم شەڕە لەپێناو بەرژەوەندی گرووپە ڕەگەزپەرست و فاشیستەکانی ئیسرائیل و لەلایەکی دیکەوە لە خزمەت قازانجی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، حیزبوڵڵای لوبنان، و باقی ڕەوتە کۆنەپەرستە ئیسلامییەکانی ناوچەکەدایە. دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی لە قەیرانە هەمەلایەنە ناوخۆییەکان و بۆ تێکدانی ڕەوتی ئاساییکردنەوەی پەیوەندی دەوڵەتی ئیسرائیل لەگەڵ ڕژیمی پاشایەتی عەرەبستانی سعوودی و هێندێک لە دەوڵەتانی ناوچەکە و بۆ سەرپۆش دانان لەسەر لاوازبوونی پێگەی خۆی لەئاستی ناوچەیی، یەکجار پێویستی بەم شەڕەیە. دەوڵەتی ئیسرائیل بە ڕاگەیاندنی دۆخی جەنگی، پاشەکشە بە بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان لە ناوەوەی ئیسرائیل دەکات و سەرانی گرووپە کۆنەپەرستە ئیسلامییەکانی وەک حەماس و جەهادی ئیسلامی کە لە ڕووی بێهیوایی و داماوییەوە دەستیان دایە ئەم هێرشە جەنایەتکارانەیە، بۆ درێژەی دەسەڵات و دابینکردنی پەرژەوەندی خۆیان لەم شەڕە کەڵک وەردەگرن.

بێگومان سەرەڕای هەوڵەکانی دەوڵەتی ئەمریکا و باقی دەوڵەتانی ئەندامی پەیمانی ناتۆ و میدیا ئیمپریالیستییەکانی سەربەم دەسەڵاتانە بۆ

پاساوکردنی تاوانەکانی شەڕی دەوڵەتی ئیسرائیل و بۆ ئەندازیاریکردنی بیروڕای گشتی لەم پێناوەدا، مرۆڤی ئازادیخواز و یەکسانیخواز لە سەرانسەری جیهان ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەیە مەحکووم دەکەن و خوازیاری ڕاگرتنی دەستبەجێی ئەم شەڕە ماڵوێرانکەرەن. بەرینایی بۆمبارانەکان، کوشتاری ئینسانەکان و کاولکاریی ئەرتەشی ئیسرائیل لە غەزە هیچ هاوسەنگیەکی لەگەڵ هێرشی جەنایەتکارانەی گرووپی حەماس نییە. خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی فەلەستین بۆ تێپەڕین لەم بارودۆخە کارەساتبارە ڕێگایەکیان لەبەر نییە بێجگەلە هاوپشتی لەگەڵ کرێکاران و هێزە ئازادیخواز و ڕەوتە شۆڕشگێڕەکان لە ئیسرائیل و ڕاکێشانی پشتیوانی هێزە پێشکەوتنخوازەکان لەئاستی جیهان لەپێناو تەقویەتی هاوسەنگی هێز لە خەبات بەرامبەربە ڕژیمی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل و ڕەوتە کۆنەپەرستە ئیسلامیەکان. تەنها ئاخێزی یەکپارچەی جەماوەری دەتوانێ بەرەنگاری هێژمۆنی نیزامی ئیسرائیل بێتەوە و بە حمایەت و تەقویەتی هێزی هاوپشتی جیهانی لەگەڵ خەڵکی فەلەستین دەکرێ هاوسەنگی هێز بە قازانجی خەباتی مافخوازانە و ئازادیبەخشی ئەم نەتەوە ستەمدیدەیە بگۆڕدرێت. بە هێزی خەباتی جەماوەری و بە هێزی یەکگرتن و هاوپشتییە کە دەکرێ ئاوات و هیواکانی نەتەوەی فەلەستین بۆ وەدیهاتنی مافی دیاریکردنی چارەنووس و ڕزگاری لە چنگ دەسەڵاتێکی ڕەگەزپەرست و داگیرکەر زیندوو ڕابگیرێت.

***

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە
# سەبارەت بە مەحکوومکردنی هێرشی بەرینی دەوڵەتی تورکییە بۆسەر ڕۆژئاوا

لەماوەی یەک هەفتەی ڕابردوودا و لەناو بێدەنگی میدیا نێونەتەوەییەکاندا دەوڵەتی فاشیستی تورکییە بە بەکارهێنانی درۆن، تۆپخانەی قورس و فڕۆکەی جەنگی زیاتر لە ٠٤١ ژێرخانی خزمەتگوزاری لەوانە وزەخانەی بەرهەمهێنانی ئاو و کارەبا، پاڵاوگەی نەوت، ناوەندی دەرمانی و پەروەردەیی و شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵکی لە کوردستانی سووریە (ڕۆژئاوا) بوردمان کرد.

بەهۆی ئەم هێرشانەوە هەتا ئێستا زەرەر و زیانێکی زۆر بەر ژێرخانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی شار و گوندەکانی ئەم ناوچانە کەوتووە و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکیش کوژراون و یان بریندار و ئاوارە بوون. لە بەرامبەردا هێزە چەکدارەکانی خۆبەڕێوەبەری ڕۆژئاواش هێرشیان کردووەتە سەر ناوەند و بنکە سەربازییەکانی ئەرتەشی تورکییە لە کوردستانی سووریە و تەڵەفاتێکیان لێداون.

شەپۆلی ئەم دوایانەی هێرشە بەردەوامەکانی دەوڵەتی تورکییە لە ڕۆژی ٢١ی مانگی ڕەزبەرەوە بە بیانووی هێرشی ئێنتحاری دوو گەریلای پەکەکە کە لەبەردەم وەزارەتی ناوخۆ و ناوەندی فەرماندەیی گشتی ڕێکخراوی ئەمنیەتی تورکییە لە ئانکارا ڕۆژی ٩ی ڕەزبەر ئەنجامدرا، دەستیپێکردووە و هەتا ئێستا درێژەی بووە. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە خودی پەکەکە یەک ڕۆژ دواتر بەرپرسایەتی ئەم هێرشەی گرتە ئەستۆ و ئەم هێرشە ئینتحارییە پەیوەندییەکی بە خەڵکی کوردستانی سووریە و دەسەڵاتی خۆجێییەوە نییە. بەڵام دەوڵەتی تورکییە لە هاوئاراستەیی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی بەشار ئەسەد، بە ئامانجی لەناوبردنی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری ڕۆژئاوا، ساڵەهایە بە لەشکرکێشی و داگیرکردنی بەشێک لێی و بە بۆمباران و مووشەکباران و تۆپبارانکردن، خەڵکی ستەمدیدەی ئەم بەشە لە کوردستانی خستووتە ژێر گوشارەوە. دەوڵەتی تورکییە لەپێناو ئەم ئامانجەیدا پێنج ساڵ لەمەوبەر بەدوای شکستی سەرشۆڕانەی لە داگیرکردنی کۆبانی، دەستی دایە ڕێکخستنی تاقمی تیرۆریست و تاوانکار لە سووریە و بە لەشکرکێشی بۆسەر کانتۆنی عەفرین، ئەم ناوچەیە و بەشێک لە ناوچە سنوورییەکانی داگیرکرد. لەو سەردەمەوە هەتا ئێستا ئەمنیەت و ئاسایشی خەڵکی ستەمدیدەی عەفرین و باقی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی تورکییە و بەکرێگیراوانی، بەگشتی زەوت کراوە. ئەم تاقم و گرووپە تیرۆریستانە وێڕای کوشتن و ئەزیەت و ئازاری خەڵک، ماڵ و داراییان تاڵان دەکەن.

هێرشی وەحشیانەی دەوڵەتی فاشیستی تورکییە بۆسەر ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری ڕۆژئاوا و ژێرخانە خزمەتگوزارییەکانی، بە چرای سەوزی ئەمریکا و لە حاڵێکدا ئەنجام دەدرێت کە هێزەکانی ئەمریکا لەژێرناوی "هاوپەیمانی نێونەتەوەیی دژی داعش" کە گۆیا "یەکینەکانی پاراستنی گەل" (یە پە گە) بەشێک لەو هاوپەیمانییەیە، لەوێ حزووریان هەیە. شەپۆلی ئەم دوایانەی هێرش و بۆمبارانی ژێرخان و ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانی سووریە لەلایەن ڕژیمی فاشیستی ئەردۆغان، بە ڕەزایەتی زمنیی دەوڵەتی سووریە و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و بە چرای سەوزی ئەمریکا، بۆ جارێکی تر نیشانەی ئەو حەقیقەتە سادەیەیە کە هاوپەمانی ستراتێژیکی هێزە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان لە کوردستانی سووریە لەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکا نەتەنها لە ڕاستای بەرژەوەند و قازانجی خەڵکی ستەملێکراوی کوردستانی سووریەدا نییە، بەڵکوو زەربەی قەرەبوونەکراوەشی لە وەزن و ئیعتباری بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵک لەم ناوچەیە داوە. دەوڵەتی ئەمریکا کە کارنامەیەکی پڕ لە کوودەتا و جەنایەت و سەرکوتی بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی لە سەرانسەری جیهان هەیە، ناتوانێ لە کوردستانی سووریە ڕۆڵی ئازادیبەخشی هەبێت.

کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، هێرشی دەوڵەتی فاشیستی تورکییە بۆسەر خەڵکی تێکۆشەر و ڕەنجدیتووی کوردستانی سووریە و بۆسەر دامەزراوەکانی بەرهەمهێنانی ئاو و بەرق و بنکە دەرمانی و پەروەردەیی و خزمەتگوزارییەکان بەتوندی مەحکووم دەکات. کۆمەڵە بۆ جارێکی تر لەسەر ئەم واقعیەتە تەئکید دەکات کە لە بارودۆخی قەیراناوی ئێستادا کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەمدیدەی کوردستانی سووریە تەنها بە پشت بەستن بە هێزی ڕێکخراوی خۆیان و بە یەکگرتوویی و بە هاوپشتی

Peshrawcpiran

لەگەڵ کرێکاران و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرانسەری سووریە و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە دەتوانن بەرەنگاری پیلانگێڕی دەسەڵاتە فاشیست و سەرکوتگەرەکان ببنەوە و توانا و وزەیەکی تازە بە خەبات بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان، و دەستەبەرکردنی ئازادی و یەکسانی و خۆشبژێویی ئینسانەکان ببەخشن.

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٧١ی ڕەزبەری ٢٠٤١

٩ی ئۆکتۆبری ٣٢٠٢

***

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

## بەبۆنەی ١٠ی ئۆکتۆبر ڕۆژی جیهانی خەبات دژبە سزای ئێعدام

٣٢٠٢

هەموو ساڵێ لە سەروبەندی ٠١ی ئۆکتۆبر ئامارێ ئێعدامکراوان لە بەربەریەتێک کە بەسەر جیهاندا زاڵە بڵاودەکرێتەوە. سزای ئێعدام تائێستاش لە دەستووری کاری بەشێکی زۆر لە دەوڵەتانی سەمایەداری جیهاندایە و ئەم حوکمە دژەئینسانییە بە بیانوو و شێوازی جۆراوجۆرەوە بەڕێوەدەچێت. سزای ئێعدام بەمانای پێشێلکردنی سەرەتاییترین مافی ئینسان واتە ژیانە. فەرق ناکات ئەم جەنایەتە بە چ بیانوویەکەوە ئەنجام بدرێت. لەو شوێنە کە تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی و دیفاع لە حورمەتی ئینسان بە جوخەی ئێعدام دەسپێرن، لەو جێگەیە کە ژنان سەنگسار دەکەن، ئەو شوێنە کە چالاکان و ڕێبەرانی کرێکاری بە تاوانی دیفاع لە مافی هاوچینەکانیان ئیعدام دەکەن، لەو جێیە کە تەنافی ئێعدام لە گەردنی خەباتکارانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا دەکەن، لەو شوێنە کە ڕەنگین پێستێک لەژێر چەکمەی پۆلیسدا دوایین هەناسە دەدات، لەو جێیە کە سینگی کۆڵبەران و سووختبەران دەدرێتە بەر گوللە، لە هەمووی ئەم شوێنانە ئەوە مافی ژیانی ئینسانە کە نابوود دەکرێ. ئەم قەتڵە بەرنامەڕێژی کراوە دەوڵەتییانە، بەناوی پاراستنی ئەمنیەت، لەژێرناوی دیفاع لە نامووس، بەناوی دیفاع لە یەکپارچەیی خاک، بەناوی دیفاع لە دیموکراسی، لەژێرناوی خەبات دژبە تیرۆریسم، بەناوی ئەم یان ئەو مەزهەب و لەژێرناوی دیفاع لە پیرۆزبوونی خاوەنداریەتی بەڕێوەدەچن.

پێویستە بە دەنگی ڕەسا هاوار بکەین کە سزای ئێعدام شێتک نییە بێجگەلە قەتڵی دەوڵەتی سازماندراو. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی وەک یەکێک لە دڕندەترین پاساوکاران و داکۆکیکارانی ئەم دیاردە دژەئینسانییە ئیدیعا دەکات کە سزای ئێعدام بۆ دیفاع لە ئەمنیەتی گشتی، ڕێگری لە تاوان و جەنایەت و دابینکردنی مافی هاوڵاتییان بەڕێوەدەچێت. ئەمجۆرە ئیدیعایانە بۆ پاساواکردنی سزای ئێعدام درۆیەکی ئاشکرایە و هیچی تر. چونکە ئەوەڵەن ئینسانەکان زاتەن تاوانکار، قاتڵ، قاچاغچی و جەنایەتکار بەدنیا نایەن، بەڵکوو ئەوە بارودۆخی مادی ژیانی کۆمەڵایەتییە کە ئەوان بەرەو تاوانکردن دەبات و دەوڵەتەکان و چینی دەسەڵاتدار بەرپرسی ڕاستەوخۆی داسەپاندنی ئەم بارودۆخە مادیە بەسەر زۆربەی خەڵکدان. کەسانێک دەبێ سزا بدرێن کە بەستێنە بابەتی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەنجامدانی تاوان و جەنایەتیان پێکهێناوە. ئەزموونی هەموو کۆمەڵگاکان و ئامار و زانیاری بەڵگەمەند و باوەڕپێکراو نیشانی دەدەن کە هیچ کۆمەڵگایەک ئەمنیەتی خەڵکی لە ڕێگەی بردنەسەری ڕێژەی ئێعدام نەبردووتە سەر، بەڵکوو بەپێچەوانەوە خودی ئێعدام هەستی تۆڵەکردنەوە و توندوتیژی پەرەپێدەدات. کەوابوو ئاشکرایە چ ڕاستییەکی خۆفناک و دڵتەزێن لە پشتی ڕستەی فریوکارانەی دەسەڵاتدارانەوەیە.

لە ئێران کارنامەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی سەلمێنەری ئەوپەڕی وەحشیگەری ئەم دەسەڵاتەیە. ئەم ڕژیمە بە ئامانجی سیاسی و بە مەبەستی چاوترسێنکردنی کۆمەڵگا، هەر چەند وەخت جارێک شەپۆلی ئێعدامی بەندکراوان دەخاتە ڕێ. ئاشکرایە ڕژیمێک کە سەرۆک کۆمارەکەی جەلاد و ئەندامی "هەیئەتی مەرگ"ی بەندکراوان بێت، حورمەتێک بۆ پێگەی ئینسان دانانێ و نابوودی فیزیکی نەیارانی سیاسی وەک بابەتێکی ئاسایی و دیفاع لە حورمەت و ماف و ئەمنیەتی هاووڵاتییان نیشان دەدات. ماشێنی ئێعدامی حکوومەتی ئیسلامی لەماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا بۆ ساتێک ڕانەوەستاوە. ئەم ڕژیمە لە بواری دەرکردن و بەڕێوەبردنی حوکمی ئێعدام هەروا پلەی یەکەمە لەئاستی جیهاندا. شەپۆلی ئێعدامەکان لە کوردستان لە ساڵی ٨٥٣١، قەتڵوعامی زیندانیانی سیاسی لە دەیەی ٠٦، قەتڵە زنجیرەییەکانی پاییزی ساڵی ٧٧، بەر گوللەدانی کرێکارانی خاتوون ئاباد لە ڕێبەندانی ساڵی ٢٨، سەرکوتی خوێناویی ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ٨٨، سەرکوتی دڕندانەی ئاخێزی مانگی بەفرانباری ٦٩، ئێعدام و کوشتاری زیاتر لە هەزار و پێنجسەد کەس لە مانگی خەزەڵوەری ٨٩، ئێعدام و کوشتنی زیاتر لە ٠٠٦ کەس لە جەریانی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینا و بەر گوللەدانی کۆڵبەران و سووختبەران تەنها چەند نموونەن لە جەنایاتی خۆفناکی ئەم ڕژیمە لەماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا. نابێ لەبیر بکرێت کە زیاتر لە نیوەی ئێعدامەکانی ساڵی ڕابردوو دوای دەستپێکی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینا بەڕێوەچوون کە ئامانجێکی بێجگەلە پێکهێنانی کەشوهەوای ترس و تۆقاندن لە کۆمەڵگا و سەرکوتی نەیارانی سیاسی نەبووە.

هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام بەمانای ئەوەیە کە گیانی ئینسان خۆی لە خۆیدا بەهادارە و هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام لە هەنگاوی یەکەمدا گیانی ژمارەیەکی زۆر لە بەندکراوان کە مەترسی مەرگیان لەسەرە دەرباز دەکات. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا کە دەیان کەس لە تێکۆشەرانی بوونە قوربانی سزای ئێعدام بۆ جارێکی تر نیشانی دا کە خەبات دژی سزای ئێعدام و قەتڵی ئەنقەستی دەوڵەتی ئەرکی هەموو ئەو ئینسانانەیە کە ئاسۆی ڕزگاری لە دوارۆژی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران مژدە دەدەن. بێگومان بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا بزووتنەوەی خەبات دژبە سزای ئێعدامیشی بردووەتە قۆناغێکی نوێوە. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆ جارێکی دیکە لێبڕاوانە ڕایدەگەیەنێت کە خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدامە و بۆ نەمانی ئەم سزا دژەئینسانییە بەردەوام تێدەکۆشێت.

بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی

بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

ڕەزبەری ٢٠٤١

ئۆکتۆبری ٣٢٠٢

# ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستیەکانی کوردستان
# بەبۆنەی ۱۰ی ئۆکتۆبر ڕۆژی جیهانیی خەبات دژی سزای ئێعدام!

ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی و ڕێکخراوی هاوپشتی جیهانی دژبە سزای ئێعدام، ڕۆژی ۱۰ی ئۆکتۆبری ۱۸ی مانگی ڕەزبەریان ڕۆژی جیهانی خەبات دژی سزای ئێعدام لە هەموو ولاتانی جیهان ڕاگەیاندووە. بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پەنجا و هەشت ولاتی ئەندامی ئەم ڕێکخراوە، ئێعدام واتە پێشێلکردنی مافی ژیان لە ئینسانەکان بەرێوەدەبەن. ئەگەرچی حوکمی ئێعدام لە هێندێک لە دەوڵەتەکان هەڵوەشاوەتە بەڵام ئەم دیاردە دڵتەزێنە، ئەم قەتڵە دەوڵەتییە، لە گۆشە و کەناری جیهان ئامرازی دەستی دەوڵەتانی سەرکوتگەرە بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتەکەیان و بێدەنگ کردنی کۆمەڵگا.

دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان بە ئێعدامکردنی بەتاک و بەکۆمەڵ لەپێناو پاراستنی سوڵتەی خۆیان بەسەر کۆمەڵگا و درێژەدان بە چەوساندنەوەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش دەست دەدەنە پاکتاوکردنی سیاسی و قەومی و پەرەپێدانی ترس و تۆقاندن. ئینسانەکان بەخاتری ئیدە و ئەندێشە دەستگیر دەکەن و لە بێدادگاکاندا بەپێی ئەو ئیعترافاتەی کە لەژێر ئەشکەنجەی وەحشیانەدا لێیان وەرگرتوون بە ئێعدام، واتە بێشەرمانەترین و قیزەونترین شێوەی کوشتن مەحکوومیان دەکەن.

ڕژیمە ئیستبدادییەکان بە بیانووی ریشەکێش کردنی قەتڵ، دزی، لەشفرۆشی، و هەموو ئازارە کۆمەڵایەتییەکان، ئینسانەکان لەو بێدادگایانەی کە خۆیان بەرپایان کردووە بە ئێعدام مەحکووم دەکەن و ئەوان لە مافی ژیان بێبەری دەکەن. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە خۆیان بە داسەپاندنی چەوساندنەوەی وەحشیانە بەسەر کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و بە زەوتکردنی ئازادیی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی، بە داسەپاندنی هەژاری و نەهامەتی و پەرەپێدانی مادەی هۆشبەر و لەشفرۆشی هۆکاری سەرەکیی هەموو ئازارە کۆمەڵایەتییەکان و سەرچاوەی پەرەسەندنی هەژاری و فەلاکەتن. ئاماری ئەو کوژراوانەی کە بەدەستی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانی لە نەوعی کۆماری جەنایەتکاری ئیسلامی ئەنجام دەدرێت یەکجار زیاتر لە ژمارەی ئەو کەسانەیە کە بە هۆکاری جۆراوجۆرەوە لەئاستی کۆمەڵگادا دەکوژرێن. بێگومان هۆکاری سەرەکی ئەم قەتڵانەش خودی نیزامی هار و پرتووکاوی سەرمایەداری و ئیسلامییە.

ڕژیمی گەندەڵ و جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنەسەر کاری دەسەڵاتە نگریسەکەی لە هەموو شارەکانی ئێران بیساتی ئێعدامی دامەزراند و هەزاران ئینسانی تێکۆشەر و شەریفی ئێعدام کرد. خەڵخاڵیی جەنایەتکاری ڕەوانەی کوردستان کرد و دەیان کەس لەو شۆرشگێڕە خۆشناوانەی کە لە خەباتی بەر لە ڕاپەڕینی ساڵی ٥٧ ڕۆڵێکی ئەساسییان بینیبوو، بە بێ پرۆسەی دادڕەسی تیرباران کرد. کوشتاری بەندکراوانی سیاسی لە ساڵی ١٣٦٧ و ئێعدام و گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ئەو سەردەم، دۆسیەی پڕ لە تاوان و جەنایەتی کۆماری ئیسلامی زیاتر




ئاشکرا دەکات.

ئێعدامی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی پەڵەیەکی نگریسە بەناوچاوانی ئیسلامی سیاسییەوە و نموونەی بەرچاوی تاوان دژبە مرۆڤایەتییە. ڕژیمی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامی لەماوەی دەسەڵاتی پڕ لە تاوان و بەربەریەتیدا، هەزاران منداڵ، هەزار گوڵی تازەپشکووتووی دڕندانە ئێعدام کرد و ئەوانی لە مافی ژیان و لە گەیشتن بە ئاواتەکانیان بێبەریکرد.

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کەسی تۆمەتبار بە دزی، کە خۆی قوربانی ئەو هەژاری و فەلاکەتیە کە ئەم دەسەڵاتە بەسەریدا سەپاندووە، بە ئێعدام مەحکووم دەکات.

کەسی تۆمەتبار بە فرۆشتنی مادەی هۆشبەر بە ئێعدام مەحکووم دەکات و لەبەرچاوی خەڵک ئەم حوکمە بەرێوە دەبات. ئەوەش لەحاڵێکدایە کە مافیای سپای پاسداران و سەرانی ڕژیم هۆکار و سەرچاوەی سەرەکی پەرەپێدانی مادەی هۆشبەر و بەفیڕۆدانی ژیانی لاوانن. ژنان بە تۆمەتی لەشفرۆشی و زێنا سەنگسار دەکەن و بەشێوەی وەحشیانە دەیانکوژن. ئەوەش لەحاڵێکدایە کە ڕژیمی ئیسلامی لەرێگەی یاسا ئیسلامییەکانەوە، لەشفرۆشی بەرەسمی پەرەپێدەدات.

ئینسانە تێکۆشەر و ئازادیخواز و جیابیرەکان، ڕووناکبیران و کرێکاران کە خوازیاری مافی خۆیانن زیندانی دەکات و ناچاریان دەکات دان بە تاوانێک دابنێن کە نەیانکردووە و لە بێدادگاکانیدا بە ئێعدام مەحکوومیان دەکات. لە نیزامی دژەئینسانی کۆماری ئیسلامیدا تۆمەتباران نەتەنیا بە سزای جەستەیی ناعادڵانە و ڕەفتاری غەیری ئینسانی مەحکووم دەکرێن بەڵکوو تێپەڕاندنی دەورانی حوکم خۆی گەورەترین ئەشکەنجەی دەروونی و ڕەوانییە. مەحکوومانی بە ئێعدام لە بارودۆخێکی یەکجار خراپتر و نالەبارتر لە باقی بەندکراوان ڕادەگیرێن.

خەبات لەپێناو هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام و کۆتایی هێنان بە بەربەریەتی نیزامی سەرمایەداری ئەرکی هەموو ئینسانە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکان، کۆمۆنیستەکان و سەرجەم جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشە. ئەم بابەتە گرینگە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی نگریسی ئیسلامی سیاسی تەنها لەرێگە رووخاندنی ئەم نیزامە گەندەڵ و دژەئینسانییە و بە دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئینسان میحوەر کە تێیدا ستەمی چینایەتی و چەوسانەوە و هەڵاواردنی ڕەگەزی و هەموو نابەرابەرییەکان کۆتایی هاتبێ، دێتە دی.

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان داوا لە هەموو ناوەند و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان دەکات کە لە ڕۆژی ۱۰ی ئۆکتۆبردا دژبە تاوان و ئێعدامەکانی کۆماری ئیسلامی بە دروشمی نا بۆ ئێعدام، نا بۆ زەوتکردنی مافی ژیان لە ئینسان، نارەزایەتی بەرێوەبەرن و تێبکۆشن.

نا بۆ ئێعدام

بژی ئازادی و مافی ژیان

مەرگ و نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

۱۳ی ڕەزبەری ۱٤۰۲

٥ی ئۆکتۆبری ۲۰۲۳

***

## ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

## بۆ مەحکوومکردنی تەحریکاتی فاشیستی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دژبە کرێکاران و پەنابەرانی ئەفغانستانی لە ئێران!

جارێکی تر باڵەکانی ڕژیمی دەسەڵاتدار لەگەڵ باڵە ڕاست و ناسیۆنالیستە ئۆپۆزیسیۆنەکان تەحریکاتێکی بێشەرمانە و دژەئینسانییان بەرامبەر بە هاووڵاتییانی ئەفغانستانی لە ئێران پەرەپێداوە تا هەژاری و بێکاری ملیۆنی بخەنە ئەستۆی ئەوان. کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئەفغانستانی هۆکاری هەژاری و فەلاکەتی گشتی خەڵکی ئێران نین. کرێکارانی ئەفغانستان لەگەڵ دەیان ملیۆن کەس لە خەڵکی ئێران نیزامی سەرمایەداری و کۆماری ئیسلامی بە هۆکار و سەرچاوەی هەژاری و فەلاکەتی خۆیان دەزانن. لە سەردەمی ئەمڕۆدا و بە ئامرازەکانی کاری ئێستا، کرێکاران زۆر زیاتر لە مەسرەفیان، بەرهەم دێنن. هیچ بەشێک لە کرێکاران لە هیچ شوێنێکی دونیا هۆکاری بێکاری و هەژاری نین. کرێکاران سەروەت بەرهەم دەهێنن، نەک هەژاری و فەلاکەت. ئەمڕۆ چینی دەیان ملیۆنیی کرێکار لە ئێران کە کرێکارانی ئەفغانستانیش بەشێکی پێک دێنن، بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەنگ، ئایین، نەتەوە و شوێنی لەدایکبوون، کۆماری ئیسلامی بە هۆکاری حەقدەستی چەند بەرابەر ژێری هێڵی هەژاری و بە سەرچاوەی هەموو کێشە و گرفتەکانی خەڵکی ئێران دەزانن.

درۆنانەوەی بەرین و بێشەرمانەی دەزگا تەبلیغاتییەکانی هەموو باڵەکانی کۆماری ئیسلامی و ئۆپۆزیسیۆنی ناسیۆنالیست و فاشیست ناتوانێ سەرەنجی چینی کرێکار و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە خەبات دژبە ڕژیمی سەرمایەداری ئیسلامی بەلارێدابەرێت و بەرەو دژایەتی لەگەڵ بەشێک لە چینەکەیان کە کرێکارانی ئەفغانستانین، ببات. پێشڕەوانی چینی کرێکاری ئێران بە وشیاری و بە ئاگاداربوون لە هۆکاری هەژاری و نەداری و بێمافی خۆیان ڕێگە نادەن پارێزەرانی ئەم نیزامە لە ناو دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن لەڕێگەی پەرەپێدانی بیری ناسیۆنالیستی و فاشیستی لەناو




ڕیزەکانی خەباتی بزووتنەوەی کرێکاری و خەڵکی ئێران دژبە کۆماری ئیسلامی بۆشایی پێک بێنن.

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان کەمپەینی فاشیستی و دژەئینسانی ڕژیمی ئیسلامی لەدژی پەنابەران و کرێکارانی کۆچبەری ئەفغانستانی لە ئێران مەحکووم دەکات. داوا لە کرێکاران، خەڵکی شەریفی ئێران و هەموو هێزە ئازادیخواز و شۆڕشگێڕەکان دەکەین کە بە پشتیوانی لە کەرامەت و حورمەتی ئینسانی کۆچبەرانی ئەفغانستانی یارمەتیدەری یەکگرتوویی و هاوپشتی چینی کرێکار و بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران بن لەپێناو خەباتی یەکگرتووانە دژبە هەموو باڵەکانی نیزامی سەرمایەداری.

بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی!

بژی ئازادی! بژی سۆسیالیزم!

١٣ی ڕەزبەری ١٤٠٢

٥ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣

واژۆکان: سازمانی ئیتحادی فیدائیانی کۆمۆنیست، ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری – حێکمەتیست، سازمانی ڕاهی کارگەر، سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت) و هەستەی ئەقەلیەت

***

## شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

## خەڵکی فەلەستین و ئیسرائیل هیچ قازانجێکیان لەم شەڕە کۆنەپەرستانەیەدا نییە!

نیوە شەوی ٦ی ئۆکتۆبر حەماس بە هێرشی نیزامی لە ڕێگەی ئاسمان و دەریا و زەوییەوە ناوچە داگیرکراوەکان و چەند شاری گەورە و چکۆلەی لە ئیسرائیل بە گوللە و تۆپ و مووشەک بۆردومانکرد. بەرینایی هێرشی حەماس کە "تۆفانی ئەقسا" ناودێرکراوە لە نیوەی سەدەی ڕابردووەوە بێوێنە بووە و هەتا ئێستا بووەتە هۆی کوژرانی زیاتر لە ٧٠٠ کەس لە نیزامیان و خەڵکی مەدەنی لە ئیسرائیل و زیاتر لە ٢٠٠٠ کەسیش برینداربوون. هێرشی نیزامی حەماس کە بە هاودەستی جەهادی ئیسلامی و حیزبوڵڵای لوبنان ئەنجامدراوە لەلایەن ئاراستە کۆنەپەرستەکانی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکە پشتیوانی لێکراوە. کۆماری ئیسلامیش پێویستی بەم شەڕەیە و پایەیەکی ئەم سیاسەتە شەڕخوازانەیە بووە. دوای ئەم هێرشە دەوڵەتی ئیسرائیل دەستبەجێ هێرشێکی بەرینی بۆسەر پێگە و بنکەکانی حەماس دەستپێکرد و کەرتی غەزە و ناوچە داگیرکراوەکانی بۆردومانکرد کە بەهۆیەوە هەتا ئێستا بێجگەلە هێزە نیزامییەکانی حەماس سەدان کەس لە خەڵکی سیڤیلی فەلەستینیش کوژراون و زیاتر لە ٢٠٠٠ کەس برینداربوون. کارەبای کەرتی غەزە پچڕاوە و نەخۆشخانەکان چیتر زەرفیەتی وەرگرتنی بریندارەکانیان نییە. ناوەندەکانی ناردنی خۆراک و پێداویستی گشتی خەڵکیش لە کار کەوتوون و کارەساتێکی ئینسانی هەڕەشە لە کەرتی غەزە دەکات. دوای هێرشەکەی حەماس، ئەمریکا، ناتۆ، یەکیەتی ئورووپا و زۆربەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا پشتیوانی بێ شەرت و مەرجی خۆیان لە دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل ڕاگەیاند. ئەمریکا کەشتییەکانی ڕەوانەی ناوچەکە کرد و ڕایگەیاند کە

فرۆکە جەنگییەکانی دەخاتە ئیختیار ئیسرائیلەوە.

ئەم شەڕە لە بارودۆخێکدا سەریهەڵداوە کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و پێشکەوتنخواز لە ئاستی جیهاندا و بەتایبەت لە فەلەستین دامرکاوە و ئاراستەی ڕاستی توندئاژۆ لە هەموو شوێنێک پەرەی ستاندووە. بێگومان بەرەکانی ئەم شەڕە ئەو هێزە ڕاستڕەوانەن کە بەشوێن ئامانجی کۆنەپەرستانە و دژەئینسانی خۆیانەوەن. بەرەیەکی ئەم شەڕە دەوڵەتی ڕەگەزپەرست و داگیرکەری ئیسرائیلە کە بەردەوام مافی خەڵکی فەلەستینی پێشێلکردووە و سەرکوتی کردوون. دەوڵەتی کۆنەپەرستی ئیسرائیل نەتەنها داگیرکەرە بەڵکوو هەتا ئێستا هەموو گرێبەستە ناسراوە نێونەتەوەییەکان کە تا ئاستێک هەڵگری بەرژەوەندی فەلەستینییەکان بوون، نادیدەی گرتوون. لەماوەی دەیەکانی ڕابردوودا بەهۆی کردەوەی نەتانیاهۆی قەسابی خەڵکی فەلەستین و هاودەستانی، ئاراستە توندڕەوە دینییەکان و سیاسەتی سازکردنی شارۆچکەی یەهوودینشین بەئامانجی پاککردنەوەی فەلەستینییەکان پەرەی سەندووە. لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە هەتا ئێستا زیاتر لە ١٥٠ هەزار فەلەستینی بەدەستی دەوڵەتی ئیسرائیل کوژراون و برینداربوون. دەوڵەتی ئیسرائیل نەتەنها بەرپرسی سەرەکی سەرکوتی فەلەستینییەکان بووە بەڵکوو لە قۆناغێکدا بەئامانجی بەلاڕێدابردنی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی فەلەستن، زەمینەی گەشەی ئاراستەی کۆنەپەرستانە و مەزهەبی لەوانە حەماسی دابینکردووە.

بەرەیەکی دیکەی ئەم شەڕە ڕەوتی کۆنەپەرست و مەزهەبی حەماسە کە دوای گرێبەستی ئۆسلۆ و پاشەکشەی هێزە پێشکەوتنخوازەکان لە بزووتنەوەی فەلەستین، گەشەی کرد. ڕێکخراوی ئازادیبەخشی فەلەستینیش بەهۆی گەندەڵی و ناکارامەیی بەتایبەت لە سەردەمی مەحموود عەباسدا، متمانەی خەڵکی لەدەستدا و زەمینەکانی بەهێزبوونی حەماس پێکهات و بوو بەهۆی ئەوەیکە ئەم ڕەوتە کۆنترۆڵی کەرتی غەزە بەدەستەوە بگرێت. لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا لەڕێگەی "پەیمانی ئیبراهیم"ەوە دەوڵەتانی کۆنەپەرستی عەرەب سازانی عەلەنی و ئاشکرایان لەگەڵ ئیسرائیل گرتووەتە بەر کە پێگەی حەماس، جەهادی ئیسلامی و حیزبوڵڵا و کۆماری ئیسلامی لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئیسرائیل خستووە\تە مەترسییەوە. بەسەرەنجدان بە قەیرانی بێوێنەی ئەم دوایانە لەناو حکوومەتی نەتانیاهۆ، حەماس و هاوپەیمانانی بە هێرشکردنە سەر ئیسرائیل لە هەوڵی ئەوە دان کە هاوسەنگی هێزی ئێستا تا ئاستێک بە قازانجی خۆیان بگۆڕن. حەماس، جەهادی ئیسلامی و حیزبوڵڵا ئەو هێزە کۆنەپەرستانەن کە هەروەک کۆماری ئیسلامی بەرهەمی چالاکییان بۆ خەڵک بێجگەلە دیکتاتۆریی دینی، هەژاری و نایەکسانی و هەڵاواردنی ڕەگەزی شتێکی تر نییە. دوو بەرەی ئەم




شەڕە کۆنەپەرستانەیە بە کردەوەکانیان یەکتر بەهێز دەکەن. بێگومان تێچوو و هەزینەی ئینسانی، سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم شەڕە خەڵکی فەلەستین و ئیسرائیل دەیدەن.

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لە هاوپشتیی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی ئیسرائیل و فەلەستین دیفاع دەکات و داکۆکیکاری لێبڕاوی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی فەلەستینە. داوا لە بیروڕای گشتیی پێشکەوتنخواز، ناوەندە کرێکارییەکان و هێزە پێشڕەوەکان دەکەین کە بۆ ڕاگرتنی ئەم شەڕە تێبکۆشن و داکۆکیکاری مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی فەلەستین بن.

بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی

بژی ئازادی – بژی سۆسیالیسم

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

٩ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ – ١٧ی ڕەزبەری ١٤٠٢

واژۆکان: سازمانی ئیتحادی فیدائیانی کۆمۆنیست، ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری – حێکمەتیست، سازمانی ڕاهی کاریگەر، سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت) و هەستەی ئەقەلیەت

***

## ئاکامی ویرانکەری شەڕی ئیمپریالیستی لە ئۆکراین

شەڕی ئیمپریالیستی لە ئۆکراین و زیانەکانی ئەم شەڕە ماڵوێرانکەرە، بارودۆخی ئابووریی وڵاتانی ئوروپا و ئەمریکا و تەنانەت دنیای خستووەتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. ئەم شەڕە بێجگەلە سەدان هەزار کوژراو و بریندار و ئاوارەکردنی ملیۆنان کەس لە خەڵکی ستەمدیدەی ئۆکراین، بووتە هۆی گرانی بەرینی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی خەڵک لە سەرانسەری جیهان و گوشارێکی بەرچاوی خستووەتە سەر ژیان و گوزەرانیان. درێژە و پەرەسەندنی ئەم شەڕە، لەئێستادا تەنانەت ئەو دەسەڵاتانەی وا خۆیان شەڕەکەیان بەرپاکردووە نیگەران کردووە. ئەوان لەئاست دابینکردنی تێچووی ئەم شەڕە نیگەرانن. چەندین ساڵ بەر لەم شەڕە ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەندامی ناتۆ بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستییەکانی ئەم شەڕە، چەک و کەرەستەی شەڕیان بۆ ئۆکراین دەنارد. بەر لە دەسپێکی شەڕی ئۆکراین، جۆو بایدێن کە لە داگیرسانی ئەم شەڕە ئاگادار بوو داوای لە کەسانی ئەمریکایی دانیشتووی ئۆکراین کرد کە ئەم وڵاتە جێبهێڵن. ڕووسیەش زیاتر لە سەد هەزار هێزی نیزامی خۆی لەسەر سنووری ئۆکراین جێگیر کردبوو. سەرۆککۆماری چین پشتیوانی تەواوی دەوڵەتی چینی لە ڕووسیە بەرامبەر بە هێرشی ڕۆژئاوا ڕاگەیاندبوو. ڕووسیە و چین دژی هەرجۆرە پێشڕەوییەکی ناتۆ بەرەو

ڕۆژئاوای ڕووسیە و دژی ئەنجامدانی هەرجۆرە چالاکییەکی نیزامی ئورووپا و ئەمریکا لە حەوزەی پاسیفیکدا بوون. بەرنامەیەک کە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا بپێی ئەم شەرە لەحاڵی ئامادەکاریدا بوون.

ڕۆژی چوارشەممە ١٢ی مانگی ڕەزبەر هەواڵنێریی ڕوویتێرز لەسەر زاری سەرۆکی کۆمیتەی نیزامی پەیمانی ئاتلانتیکی باکوور ناسراو بە "ناتۆ" ڕایگەیاند کە ئەنبارەکانی چەکی وڵاتانی ئەندامی ناتۆ نیوە بووە. "ڕاب بائر" سەرۆکی کۆمیتەی نیزامی ناتۆ وتی: "بەلەبەرچاوگرتنی کەمبوونەوەی بەرچاوی پاشەکەوتی چەکی وڵاتانی ئەندامی ناتۆ، کۆمپانیەکانی بەرهەمهێنانی چەک و کەرەستەی نیزامی، پێویستە ئاستی بەرهەمهێنانی خۆیان بە زووترین کات بەرنە سەرێ". ڕاپۆرتەکەی ڕوویتێرز لە درێژەدا دەنووسێت کە لە سەردەمی دەستپێکی هێرشی ڕووسیەوە بۆسەر ئۆکراین لە مانگی فێوریەی ٢٠٢٢، وڵاتانی ئەندامی ناتۆ هەم لە هەوڵی ناردنی چەک بۆ ئۆکرایندا بوون و هەم بەردەوام هەوڵیان داوە ئەنبارەکانی چەکیان پڕ بکەنەوە. سەرۆکی کۆمیتەی نیزامی ناتۆ هەروەها ڕۆژی سێشەممە ١١ی مانگی ڕەزبەر لە کۆبوونەوەیەکی ئەمنیەتی لە لهستان ڕایگەیاند کە: "وڵاتانی ئەندامی ناتۆ کە لە ئەنبارە نیوە پڕەکانی خۆیانەوە چەکیان بۆ ئۆکراین ناردووە، لەئێستادا ئەنبارەکانیان لە حاڵی تەواوبوون دایە و کۆمپانیەکانی بەرهەمهێنانی چەک و دەوڵەتانی پێوەندیدار پێویستە بەرهەمهێنانی چەک لەئاستێکی بەریندا خێراتر بکەنەوە". کەمبوونی چەک بۆ درێژەی شەڕی ئۆکراین گەیشتووەتە ئاستێک کە هەفتەی ڕابردوو ئەمریکا فەرمانی دا ئەو چەکانەی کە دێسامبری ساڵی ڕابردوو لە تەوقیفکردنی کەشتییەکی کۆماری ئیسلامی بەدەستیان هێنابوو، بۆ ئۆکراین بنێرن. (ئەم چەکانە بەشێک لەو کەرەستە نیزامییانە بوو کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە کەشتی بۆ تیرۆریستەکانی حوسیی یەمەنی دەنارد).



ئەم بابەتە نشانی دەدات کە دەوڵەتانی یەکیەتی ئورووپا و ئەندامی ناتۆ دەیانهەوێ شەڕ لەگەڵ ڕووسیە درێژە بدەن و هەزینەکەشی بە خوێنی خەڵکی ئوکراین و سەربازانی هەر دوو لایەنی شەڕ و لە بژێوی خەڵکی جیهانەوە دابین بکەن. هەفتەی ڕابردوو وەزیرانی وڵاتانی یەکیەتی ئورووپاش بۆ جارێکی تر لەسەر بەردەوامبوونی پشتیوانی خۆیان لە شەڕی ئۆکراین تەئکیدیان کرد. بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتی ئورووپا وتی کە یەکیەتی ئورووپا یارمەتی نیزامی و ئابووری بۆ ئۆکراین زیاتر دەکات. ئەم هەزینە یەکجار بەرینەی کە بۆ ماشێن شەڕ و کوشتاری دەوڵەتانی ئیمپریالیستی تەرخان دەکرێ تا قازانج و بەرژەوەندی سەرمایە دابین بکات، بەهاکەی پەرەسەندنی هەژاری و برسیەتی سەدان ملیۆن کەسی بووە لەئاستی جیهاندا. لەم پێوەندەدا وەزیری بەرگریی بریتانیا لە کۆبوونەوەی ئەمنیەتی ناتۆ لەپێناو پڕکردنەوەی دووبارەی ئەنبارەکانی چەکی خۆی ڕاگەیاند: "ئێمە ناتوانین ئۆکراین بەتەنیا بێڵینەوە و دەبێ تا کاتێک کە شەڕ درێژەی هەیە چەکی پێویستی ئەم وڵاتە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ڕووسیە دابین بکەین. بوودجەی نیزامی ئێستا کەمە و وڵاتانی ئەندامی ناتۆ پێویستە لانیکەم دوو لەسەد لە بەرهەمهێنانی ناوخۆیی خۆیان وەک لانیکەمی ئاستی بوودجەی دیفاعی تەرخان بکەن". بەپێی ئامارەکان لە کاتی دەسپێکی شەڕی ئۆکراین لە فێوریەی ساڵی ٢٠٢٢ەوە ئەمریکا ١١٣ ملیارد دۆلار چەک و کەرەستەی شەڕی داوەتە ئۆکراین. بریتانیا و دەوڵەتانی دیکەی ئەندامی ناتۆش هەزینەیەکی هاوشێوەیان لە گیرفانی خەڵکەوە بۆ شەڕی ئۆکراین تەرخان کردووە. ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو یەکیەتی ئورووپا بەستەیەکی دیکەی پێنج ملیارد دۆلاری بۆ درێژەی شەڕ لە ئۆکراین پەسندکرد و قەرارە تا ساڵی ٢٠٢٧ بوودجەی ٥٠ ملیاردیەکی دیکەش بۆ شەڕی ئۆکراین تەرخان بکەن. جۆو بایدێن ڕایگەیاند کە: "ئێمە بە هیچ شێوەیەک ڕێگە نادەین پشتیوانی ئەمریکا لە ئۆکراین ڕابگیرێت" و داوای لە کۆنگرەی ئەمریکا کردووە کە بەشێوەی جیاواز یارمەتی چەند ملیارد دۆلاری بۆ ئەم شەڕە پەسند بکات.

بێگومان ئەنبارەکانی چەک و پاشەکەوتی ماڵی لایەنی بەرامبەر واتە ڕووسیە و وڵاتانی هاوپەیمانیشی لە تەواوبووندایە. ڕووسیە هەتا ئێستا ٨٢ ملیارد دۆلاری بۆ شەڕی ئۆکراین هەزینە کردووە. دەوڵەتی ڕووسیە زیاتر لە ٦٥٠ ملیارد ڕووبلی لە بوودجەی ساڵی داهاتووش بۆ پەرەپێدانی ناوچە داگیرکراوەکان لە ئۆکراین تەرخان کردووە. بەم حاڵەوە سەرانی دەوڵەت لە کرێملینیش بەردەوام تەپڵی درێژە شەڕ دەکوتن و خۆیان بۆ شەڕێکی درێژماوە ئامادە دەکەن. وتەبێژی کۆشکی کرێملین هەفتەی ڕابردوو ڕایگەیاند کە ئەوان بۆ سەرکەوتن لەم شەڕە وەحشیانەیەدا، بە هیلاکبوونی دەوڵەتانی ڕۆئاوا لە شەڕ و سەرهەڵدانی ناکۆکی لە نێوانیان ئۆمێدیان بەستووە.

بەمجۆرە لەماوەی ٢٠ مانگی ڕابردوودا ئۆکراین بووەتە مەیدانی ڕەقابەت و شەڕی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی. بۆمب و مووشەکەکانی دوو لایەنی

شەڕ بەسەر خەڵکی بێدیفاعی ئۆکرایندا دەبارێ. زۆربەی شار و گوندەکانی ئەم وڵاتە بوونەتە وێرانە. سەدان هەزار کەس کوژراون و بریندار بوون و ملیۆنان کەس ئاوارە بوون. ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتە وێران بووە و هەموو ئەمانە بەرهەم و ئاکامەکانی ئەم شەڕە ئیمپریالیستییەیە. ئەم شەڕە جەنایەتکارانە و دژەئینسانییە کە دوو بلۆک لە دەسەڵاتەکانی سەرمایەداری دوای کۆتایی جیهانی یەک جەمسەری بەرپایان کردووە، شەڕی



دەسەڵات بۆ دابەشکردنی دووبارەی جیهان و پەرەپێدانی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵیانە. ئەم شەڕە، شەڕی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی ئۆکراین و رووسیە نییە و بێجگەلە نائەمنی و کوشتار و وێرانی و هەژاری و برسیەتی بۆ ئەوان و بۆ خەڵکی شوێنەکانی تری جیهان ئاکامێکی تری نەبووە. کرێکاران و خەڵکی ئازادیخواز لە رووسیە و ئۆکراین و سەرانسەری جیهان هەروەک چۆن دژبە شەڕی ئەمریکا لە ڤیێتنام هاتنە سەر شەقامەکان، پێویستە دژبەم شەڕە دژەئینسانییەش راپەڕن و لەئاستێکی بەریندا نارەزایەتی بەرێوەبەرن. نیزامی سەرمایەداری بێجگەلە شەڕ و کوشتار، هەژاری، قووڵکردنەوەی بۆشایی چینایەتی و لەناوبردنی سرووشت هیچ دیارییەکی دیکەی بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێ نییە. جیهان زیاتر لە هەموو کاتێک لەبەردەم هەڵبژاردنی نێوان بەربەرییەتی سەرمایەداری یان سۆسیالیزمدایە.

***

## بەیاننامەی ناوەندی نووسەرانی ئێران
## سەبارەت بە بوومەلەرزەی ئەفغانستان، هێرش بۆسەر رۆژئاوا و کوشتاری غەزە

پێویستە نووسەرانی ئازادیخواز وێژدانی بەخەبەری کۆمەڵگا بن

لەماوەی رۆژانی رابردوودا سێ کارەساتی خۆفناک هاوکات روویاندا و هەر کامەیان بەجۆرێک کاردانەوەی خەڵک و میدیاکانی لێکەوتەوە. میدیای رەوتی سەرەکی، کە ئەرکێکیان بێجگەلە دەستکاریکردنی بیروڕای گشتی لەپێناو قازانجی دەسەڵاتە گەورەکانی جیهان نییە، هاتوونەتە مەیدان تا بە بەرجەستەکردنەوە، بە بێدەنگی لێکردن و بە پەراوێزخستن، قورسایی و وەزنی کارەساتەکە دیاری بکەن و بەلارێیدا ببەن. ئەو بوومەلەرزە خۆفناکەی کە هەراتی کردە وێرانە و هەزاران کەس بەهۆیەوە کوژران و بریندار و ئاوارە بوون، تەنها بەڵایەکی سرووشتی نەبوو. تاڵەبان کە بە سات و سەودا لەگەڵ زلهێزەکانی جیهان و ناوچەکە مەشرووعیەتی بەدەستهێناوە، لە جەرگەی مەرگ و فرمێسک و خوێن و وێرانیشدا دەستی لە ئازار و سەرکوتی خەڵکی ئەفغانستان بەتایبەت ژنان هەڵنەگرت و بۆ جارێکی تر نیشانی دا کە زاڵبوونی دەسەڵاتێکی گەندەڵ و کۆنەپەرست بەسەر گیان و ماڵی خەڵک، دەتوانێ بەڵایەکی سرووشتی بکاتە کارەساتێکی مرۆیی. کارەساتێک کە لە میدیا فەرمییەکاندا بەتەواوی سڕدراوەتەوە و هیچ رەنگدانەوەیەکی نەبووە.

هاوکات لەلایەکی دیکەوە، هێرشی ئەرتەشی داگیرکەری تورکییە بۆسەر باکوور و رۆژهەڵاتی سووریە باس لە کوشتارێکی دووبارە لەو ناچەیە دەکات. شەڕی دژبە رۆژئاوا، کوژرانی خەڵکی سیڤیل و هێرش بۆسەر ژێرخانە غەیری نیزامییەکان، بۆ جارێکی تر سێبەری سەرکوتی ئازادی رادەربڕینی لە تورکییە و بێدەنگیی جیهانی بەناو "پێشکەوتوو"ی نیشان دا. رۆژئاوا کە لە شکستدانی هێزی کۆنەپەرستی داعشدا رۆڵێکی چارەنووسسازی هەبوو، لە میدیای دەسەڵاتداراندا ئیتر جێگەی نییە.

دانیشتووانی کەرتی غەزە کە ساڵەهایە لەوبەری "دیواری راگر"دا زیندانین بۆ جارێکی تر، بەبیانووی هێرشی حەماس، لەژێر هێرش و بۆردومانەکانی ئیسرائیلدان و لە گەمارۆیەکی خۆفناک و دڕندانەدا گیان دەدەن. جەنایەتی دژەئینسانی لە "گەورەترین زیندانی سەرئاواڵەی جیهان" لەگەڵ تێپەڕینی هەر کاتژمێرێک زیاتر پەرەدەستێنێ و دەبێتە هۆی مەرگ و نەمانی هەزاران ئینسان. تا جێیەک کە لەئێستادا هەواڵی بەکارهێنانی فسفۆری سپی لەدژی خەڵکی غەزە بە لیستی جەنایەتەکانی وەک کوشتنی منداڵان و ژنان و خەڵکی مەدەنی، داخستنی رێگاکانی گەیشتنی خۆراک و دەرمان، قەیرانی سووتەمەنی و پچڕانی ئاو و کارەبا و تێکدانی نەخۆشخانەکان، زیاد بووە. ئەوەیکە



بەسەر خەڵکی فەلەستین دێت، داستانی ئەمڕۆ و دوێنێ نییە. باس کردن لەوەیکە بەسەر غەزە دێت بە بێ لەبەرچاوگرتنی جینوساید، ئاپارتاید، دیوارکێشان، داگیرکاری و شاروچکەسازی ئیسرائیل، حاشاکردن لە ریشەکانی کارەساتی ئەمڕۆیە. گرتنەبەری بێدەنگی لەئاست ئەم ریشانە تەئیدکردنی ناراستەوخۆی ئەم ئاپارتایدە مێژووییە دێتە ئەژمار و دەستی ئیسرائیل بۆ درێژەدانی گەمارۆی مەرگباری غەزە ئاواڵە دەهێڵێتەوە.

ناوەندی نووسەرانی ئێران کە خۆی لەژێر سەرکوتی دەسەڵاتێکی تاوانکار و چەوسێنەردا دەیان ساڵ بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی رادەربڕین خەباتی کردووە، داوا لە هەموو نووسەرانی ئازادیخواز و ناوەندە سەربەخۆکان لە سەرانسەری جیهان دەکات کە وەک وێژدانی بەخەبەری کۆمەڵگا بێنە مەیدان و بەبێ

لەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە دەوڵەتەکان، دەسەڵاتەکان و میدیاکانی ڕەوتی سەرەکی بەسەر بیروڕای گشتیدا دەسەپێنن، ڕیشەی کۆنە و نهێنی ئەم کارەساتانە بەر لەوەیکە ببنە کارەساتێکی ترسناکتر، ئاشکرا بکەن.

ناوەندی نووسەرانی ئێران

٢١ی ڕەزبەری ١٤٠٢

***

## بەیاننامەی یەکیەتیی خانەنشینان:

## نا بۆ سەهیۆنیزم، نا بۆ حەماس، ئاشتی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

شەڕێکی دیکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتەوە؛ شەڕێکی وێرانکەر و پڕ لە مەرگی مرۆڤەکان و



منداڵانێک کە هێشتا ژیانیان ئەزموون نەکردووە. ٧٠ ساڵە دەسەڵاتی داگیرکەری ئیسرائیل بە داگیرکردنی وڵاتی فەلەستین و بە وێرانکاری و جەنایەت، ژیانی ئەم خەڵکە لەناو دەبات. بەڵام ئێستا حەماس کە ساڵەهایە لە فەلەستین چالاکی دەکات و حکوومەتی ئێران بە هەموو شێوەیەک لەم گرووپە پشتیوانی کردووە لە هاودەستی لەگەڵ گرووپە ئیدئۆلۆژیکە ئیسلامی و یەهوودییەکان ئاگری شەڕیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داگیرساندووە. ئێمە خانەنشینان، کرێکاران، مامۆستایان بە واتایەکی تر جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا دژی هەموو جۆرە شەڕێکی زێدەخوازانە و ستەمکارانەین. چونکە بە ئەزموون بۆمان دەرکەوتووە کە شەڕ ماشێنێکی کوشتارە کە بەردەوام بێ دیفاعترین و ژێردەسترین ئینسانەکان دەکاتە قوربانی.

توندوتیژی و هەڵاواردنی ڕژیمی ئیسرائیلمان هەمیشە لەبەرچاو بووە و هەرگیز ئاواتی ئاشتی فەلەستین نادیدە ناگرین. بەڵام ژیانی پڕ لە توندوتیژی و هەڵاواردن و سەرکوت لەماوەی تەمەنی ٤٤ ساڵ دەسەڵاتێک کە هیچ مافێک بۆ نارەزایەتی و داخوازی و جیابیری بێجگەلە سڕینەوە و دوورخستەوە ڕەوا نابینێ، بە ڕەنج و ژانەوە فێری کردووین کە سرووشت و ماهیەتی کۆنەپەرستانەی حەماسیش بە بیانووی ئاواتی فەلەستینەوە دانەپۆشین. ئێمە هەرگیز خۆڕاگریی خەلکی فەلەستین بەرامبەر بە ڕژیمی ئاپارتاید، لەگەڵ حەماس بە یەک نازانین. حەماس گرووپێکی مەیلەوفاشیستی، ئیسلامی و دژەیەهوودە و هاوسانکردنی لەگەڵ موقاومەتی فەلەستین بۆ ئێمە هاوشێوەی گاڵتەیەکی کوشندەیە. شۆڕشی ساڵی ٥٧ بە قیمەتی خوێنی گیانە ئازیزەکان فێری کردین کە لە قۆناغە هەستیارە مێژووییەکاندا بە وردی بڕوانینە هەڵسووکەوتی گرووپە سیاسییەکان و هەرگیز دژایەتی هاوبەش بە نیشانەی هاوئاراستەبوون نەزانین. پێوەرەکانمان ئەمڕۆ بۆ خۆمان زۆر ڕوونتر بووەتەوە:

ئێمە تەنها لەگەڵ ئەوانەین کە باوەڕیان بە ئازادی، بە عەداڵەت، بە ئارمانە دیموکراتیکەکان، باوەڕیان بە بەرابەریی کامڵی هاوڵاتییان بە هەر بیر و ئاراستە و ڕەگەزێکەوە بێت و ئەم باوەڕەیان لە کردەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیاندا نیشان دابێت.

ئێمە لەگەڵ حەماس و ڕژیمی ئاپارتاید دەریایەک لە خوێنی باشترین ڕۆڵەکانمان لە نێواندایە.

ئێمە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و فەلەستین ئاواتی ئاشتیمان لەسەر دایە. بۆ ئێمە هیچ جیاوازییەک لە نێوان هیچ مرۆڤێکدا نییە و ئێمە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئایین و نەتەوە و ڕەگەز و هەر تایبەتمەندییەکی دیکە، ڕێز لە مافی ژیانێکی سەربەرزانە بۆ هەموو مرۆڤەکان دەگرین و دەیپارێزین.

ئێمە لەگەڵ "رشا حلوه"، نووسەری فەلەستینی و واژۆکاری بەیاننامەی فەلەستینییەکان بۆ پشتیوانی لە "ژن، ژیان، ئازادی"، یەکدەنگین. ڕەنجی ئێمە وەک ئێرانی، هاوشێوەی قوتبنەمایەک ئێمەی بەرەو هاوپشتی لەگەڵ خەڵکی ڕەنجدیدەی شوێنەکانی تری جیهان هیدایەت کردووە. ئەو خەڵکانەی خوازیاری ژیانی ئازاد و کەرامەتی ئینسانین.

یەکیەتیی خانەنشینان

٢٤ی ڕەزبەری ١٤٠٢ی هەتاوی

# شێعر

## ئەگەر شەڕ نەبوایە،

دەعوەتم دەکردی بۆ ماڵەکەم
و
پێم دەوتی:
بەخێر بێیت بۆ وڵاتەکەم
ماندویت چایەک بخۆرەوە
ژوورێکم لە گوڵ بۆ ساز
دەکردی و
ڕەنگە بە گەرمیش لە ئامێزم
بگرتیایەی.

ئەگەر شەڕ نەبوایە،
لە جیاتی تەواوی مینەکانی
سەر ڕێگەت گوڵم بۆ
دەچاندی،
تا وەڵاتەکەم جوانتر و
ڕازاوەتر بێتە بەر چاوت.
ئەگەر شەڕ نەبوایە،
لە سەر سنوور کورسیەکم بۆ
دادەنای و
بۆ ماوەیەکی کورتیش لە
پەناتا دادەنیشتم
بە دوور لە چاوی تیر
هاوێژان،
گوڵێکم بە درەقەی ڕێگات
دەکرد.

ئەگەر شەڕ نەبوایە،
بۆ مەیخانەی وڵاتەکەمم
دەبردی و
ڕەنگ بێ دوو قومیشم بە
سڵامەتی تۆ دەخواردەوە،
ناچار نەبووم دەست بۆ
پەلەپیتکەی تفەنگەکەم بەرم،
کە بۆ کچێکی ئەو بەری
وڵاتەکەم،
فرمێسکی خەم بە بار بێنێ.

ئێستا کە شەڕجەستەی بێ
ڕۆحمان هەڵدەدڕێ،
بۆ ژنێک کە ڕەسمەکەی لە
باخەڵی لای چەپمدایە و دڵی
لێدەدا
گولەی بۆ مەنێرە.

ن: نەزار قەبانی

و: م . ک

***

پێشـــــــڕەو
ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

ئیمەیلی کۆمیتەی هاوئاهەنگی تەشکیلاتی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
tashkh@cpiran.org

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب
international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧